XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5663) چوارشەممە 2ی کانوونی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی سەری ساڵی تازەی زایینی

سەرۆک بارزانی: گەلەکەمان لە قۆناغێکی تازەدایە و پێویستی بە پاراستنی دەستکەوتەکان و بەهێزبوون و بووژانەوەیە



سەرۆک بارزانی بەبۆنەی سەری ساڵی تازەی زایینی لە پەیامێکدا رایگەیاند، بە پێویستی دەزانم سوپاسی خۆم ئاراستەی هێزی پێشمەرگە و هەموو خەڵکی کوردستان بکەم کە لە ساڵانی ڕابردوودا بە قوربانیدان و خۆڕاگری، لەبەرانبەر هەڕەشەکان و تیرۆر و ئابلۆقەدا وەستانەوە و دەنگی ڕەوا و ئاشتیخوازانەی خۆیان بە هەموو جیهانیان گەیاند و، بەسەر پیلان و حەزی نەیارانیشدا سەرکەوتن.

دەقی پەیامەکە لە لاپەڕە سێ بخوێنەوە

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی ڤاتیکان دەکات

سەرۆک بارزانی: ئێمە هەموومان لە مرۆڤبووندا برای یەکترین و بە ئاکاری باش و مرۆڤسالارانە دەتوانین بە ئاشتی لەگەڵ یەکتردا بژیین

سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان: خۆم و وڵاتەکەم دوعا دەکەین بۆ خێر و خۆشی بۆ گەلی کوردستان



ڕۆژی پێنجشەممە 2018/12/27 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە کاردینال پێتڕۆ پارۆلین سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان و شاندێکی یاوەری کرد کە پێکهاتبوون لە ژمارەیەک لە ڕاوێژکارانی حکوومەتی ڤاتیکان و پیاوانی ئایینی مەسیحی لە هەرێمی کوردستان.

لە دیدارەکەدا سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان سلاو و ڕێزی تایبەتی قەداسەتی پاپای بە سەرۆک بارزانی گەیاند، هەروەها سوپاسی هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی و حکوومەتی هەرێمی کرد بۆ پاراستنی پێکهاتەی مەسیحی لە کوردستان و عێراق و، ئامانجەکانی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان بۆ سەرۆک بارزانی شیکردەوە و ڕایگەیاند کە هانی باشترکردنی دۆخی هەموو لایەک دەدات لە کوردستان و عێراق و داوایشی کرد کە بار و گوزەران و دۆخی ئاساییشی موسڵ و ناوچەکانی نەینەوا باشتر بکرێت بۆ ئەوەی ئاوارەکان بتوانن بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان. لەدرێژەی وتەکەیدا سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان سوپاسی سەرۆک بارزانی کرد بۆ پابەندبونی بەرانبەر قوڵترکردنی پێکەوەژیان و پاراستنی دۆخی پێکهاتەکان و دابینکردنی ئارامی و باشترکردنی بارودۆخی ژیان. لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدایش سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان ئەوەی خستەڕوو کە هانی هەردوولا دەدات کە گرفتەکانیان بە دیالۆگ و ئاشتی چارەسەر بکەن و لەمبارەیەوە گەشبینیی خۆی بە سەرۆک بارزانی ڕاگەیاند.

لەبارەی شەڕی تیرۆریشەوە سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان پێزانینی هەبوو بۆ قوربانیدانی هەرێمی کوردستان لەو شەڕەدا و جەختیشی لەوە کردەوە کە پێویستە شەڕی ئایدیۆلۆژیای تیرۆریش بکرێت لەپێناو بنبڕکردنی فکری تیرۆر. ئەوەیشی خستەڕوو کە خۆی و وڵاتەکەی دوعا دەکەن بۆ خێر و خۆشی بۆ گەلی کوردستان.

لای خۆیەوە سەرۆک بارزانی بەگەرمی بەخێرهاتنی سەرۆکوەزیرانی ڤاتیکان و شاندی یاوەری کرد و سوپاسی قەداسەتی پاپای کرد و وێڕای ئاماژەدان بە فەرهەنگی پێکەوەژیانی گەلی کوردستان ئەوەی ڕاگەیاند کە لەکاتی پەلاماری تیرۆریستانی داعش بە خوشک و برا مەسیحییەکانی ڕاگەیاندووە کە هەموومان چارەنوسی هاوبەشمان هەیە و لە مردن و ژیاندا بەیەکەوە دەبین. سەرۆک بارزانی ئاماژەی بە تاوان و بەدڕەوشتییەکانی تیرۆریستان و قوربانیدانی خەڵکی کوردستان دا و ئەوەی دوویات کردەوە کە پێویستە هەموو لایەکمان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هانی خوشک و برا مەسیحییەکان بدەین کە لە وڵاتی خۆیان بمێننەوە و هاندانیان بۆ جێهێشتنی وڵات بە بابەتێکی هەڵە وەسف کرد.


هەروەها داوایشی کرد کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدانی ژیان و گوزەرانی پێکهاتەکان و ئاوارەکان بێتە سەر هێڵ. سەرۆک بارزانی شانازیشی بە فەرهەنگی پێکەوەژیان و ڕێزگرتنی بەرانبەر و یەکترقبوولکردنی جیاوازیی نەتەوایەتی و ئاییینی لەناو خەڵکی کوردستان کرد و ڕایگەیاند کە ئێمە هەموومان لە مرۆڤبوونداز برای یەکترین و بە ئاکاری باش و مرۆڤسالارانە دەتوانین بە ئاشتی لەگەڵ یەکتردا بژیین.

لەبارەی هەڕەشەی تیرۆر سەرۆک بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە تیرۆر بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە سەری هەڵداوە و ئەگەر ئەو هۆکارانە چارەسەر نەکرێ لە ئایندەدا مەترسیی گەورەتر لە داعش سەر هەڵدەداتەوە.

پەیوەست بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا سەرۆک بارزانی ئەوەی دووپاتکردەوە کە هەمیشە کوردستان لایەنگری زمانی دیالۆگ بووە و شەڕی نەویستووە و ڕاشیگەیاند کە لە هەوڵی ئەوە دان کە کێشەکان چارەسەر بکرێن و ئاماژەیشی بە کەسایەتیی عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی تازەی عێراق دا کە کەسێکی کراوە و لایەنگری لێکتێگەیشتن و چارەسەری کێشەکانە و پشتیوانیی خۆیشی بۆ سەرۆک وەزیرانی تازەی عێراق و حکوومەتەکەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و باشترکردنی بارودۆخ و ژیانی خەڵک دووپات کردەوە.



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەکات



مەسرور بارزانی پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان دەکات

سیاسەتی پەنجا بە پەنجا

سەلام عەبدوڵلا

کە لە سەرەتای نەوەدەکاندا پارتی دیموکراتی کوردستان چووە ژێرباری پەنجا بە پەنجاوە لەبەر پاراستنی یەکەمین ئەزموونی حوکمڕانی لەهەرێمدا بوو، چونکە بەو جۆرە نەبووایە دوور نەبوو لەهەرێم بەرەنگاری دۆخێکی زۆر سەخت ببێتەوە و جارێکی دیکە شەڕی ناوخۆ دروست ببێتەوە، هەربۆیەش بۆ جێگیرکردنی ئەزموونەکەمان قوربانی بە بەرژەوەندی و مافەکانی خۆی دا کە لە ئەنجامی هەڵبژاردن بەدیهاتبوو. بەڵام وەک دەرکەوت ئەزموونی پەنجا بە پەنجا سەرکەوتوو نەبوو، نە لە حوکمڕانیدا کە بەو شێوەیە زۆر سەخت بوو، نە توانی لە داهاتووشدا ڕێگربێت بۆ ڕوونەدانی شەڕی ناوخۆ. هەر بۆیەش ئەو جۆرە حوکمڕانییە بەردەوام نەبوو، دوو ئیدارەیشی لێکەوتەوە، بەڵام کە هەردوولا پێکهاتنی بۆ دامەزراندنەوەی حکومەتێکی هاوبەش، وابە باش زانرا کە هەردوولا و لایەنەکانی تریش هاوبەشی دەسەڵات بن و پێکەوە وڵات بەڕێوەببەن، ئەگەرچی زۆرینەی پۆستەکان هەر بەر یەکێتی و پارتی کەوتن. پارتی لە حکوومەتی هاوبەشدا بێ گوێدانە زۆرینەو کەمینە لەحکوومەتدا وەکو یەک، بەشداربوون و پۆستە سیادییەکان لای هەردوولایان بوون. ئەگەرچی لە هەڵبژاردنەکانی لەمەودوادا هەمیشە پارتی زۆرینەی دەنگەکانی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی دامەزراندنی حکوومەتی زۆرینەی نەداوەو بەچاوی هاوبەش لە یەکێتی ڕوانیوە.

بەڵام ئیدی ئەمە مانای وانییە کە هەمیشە پۆستەکان بەڕێژەی پەنجا بە پەنجا بەسەر یەکدیدا دابەش بکرێ و گوێ نەدرێتە ژمارە دەنگدەران کە لەپێناویدا هەڵبژاردن دەکرێ، دەنا هیچ مانایەک بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن نامێنێت و پرۆسەیەکی زیادو مەسرەفێکی زۆر، زیاتر هیچی لێ شین نابێت. بۆیە بۆ چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراتی لە هەرێمدا و دابینکردنی مافی دەنگدەر پێویستە حساب بۆ ژمارە دەنگەکان بکرێ و بەوپێیەش پۆستەکان دابەش بکرێ، دەنا گەر وانەبێ ئەوە هەر سیاسەتی پەنجا بە پەنجا دەگەیێنێ.

ئێستا دوای چەندین هەڵبژاردن لە هەرێمدا، هەموو حزبەکان سەنگ و پێگەی خۆیان دەزانن لەنێو جەماوەردا، بۆیە دەبی ئیتر ڕەچاوی ئەو پرەنسیپە بکرێ و بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردن مامەڵە بکرێ.

ئەمەش دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ چەسپاندنی دیموکراسی لە هەرێمدا و سەنگ و بایەخیش بە هەڵبژاردن دەبەخشێ و مافی دەنگدەرانیش پارێزراو دەبێت.

پاسەوانەکانی عەبدولمەهدی ڤێلایەک بە عەبادی چۆڵ دەکەن

سەرکردەیەکی ئیئتیلافی نەسر، ئاشکرای کرد، ڕۆژی دووشەممە هێزێکی سەر بە سەرۆکایەتی وەزیران چوونەتە سەر مالی حەیدەر عەبادی لەناوچەی سەوز. ناوچەی سەوزی بەغدا بینای پەرلەمانی عێراق و باڵیۆزخانەی وڵاتی تێدایە و زۆرێک لەبەرپرسانیش لەو ناوچە پارێزراوە، نیشتەجێن. بە گوێرەی هەواڵێکی باسنیوز، عەلی سنەید، سەرکردە لە ئیئتلایتلافی نەسر، ڕایگەیاندووە: بەرپرسی دەستەی پاسەوانانی عادل عەبدولمەهدی، چوونەتە سەر مالی عەبادی، بۆیە ئێمە گلەییمان لە سەرۆک وەزیران هەیە، کە چۆن ڕێگە دەدات بەو شێوەیە مامەڵە بکات، هەرچەندە پێش مانگێک زیاتر عەبادی ئەو ڤێلایەی ڕادەست کردووەتەوە. ئامادەی بەوەش دا، کاتێک هێزەکە چوونەتە سەر ڤێلاکە، حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی پێشوو لەوێ نەبووە، تەنها پاسەوانەکانی گەڕابوونەوە بۆ پاراستنی ئەو کەرەستانەی خاوەندارێتییان بۆ عەبادی دەگەڕێتەوە، بەڵام بارەگاکە قوفڵ دراوە و بەفەرمانی بەرپرسی پاسەوانەکانی عەبدولمەهدی، پاسەوانی دیکەی بۆ دانراوە. بەڵام سەرچاوەیەکی دیکە ئاشکرای کردووە، کاتێک هێزەکە ڕۆشتوونەتە سەر ڤێلاکە، عەبادی لەوێ نەبووە و تەنها خێزانەکەی تێدا بووە، بۆیە بەپەلە گەڕاوەتەوە و خێزانەکەی دەرکردووە.

پارتی، ئەمساڵ هەنگاوی کردەیی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دەنێین



ئەندامێکی شاندی پارتی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک گوتی، بە فەرمانی سەرۆک بارزانی، لیژنەیەک بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دروست کراوە و هەنگاوی زۆر باشیش نراون. شاخەوان عەبدوڵلا، ئەندامی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: بە فەرمانی سەرۆک بارزانی، لیژنەیەکی سێ کەسی کە لە دکتور کەمال کەرکووکی، شاخەوان عەبدوڵلا و ئومێد سەباح پێکهاتوون، بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دروست کراوە و تاوەکو ئێستاش چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ لایەنەکان ئەنجام داون و ئەنجامی باشیشیان هەبووە، هەروەها لەسەر ئاستی بەغدایش کاری باشمان کردووە. گوتیشی: کارمان کردووە بۆ ئەوەی هێزە سەربازییەکان لە کەرکووک دەربچن و بچنەوە دەرەوەی شار، هەروەها وەک 2014 هاوسەنگی دروست بکرێت و شکۆ بۆ بارەگا کوردییەکان بگەڕێتەوە، ئینجا ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ کەرکووک و دواتر ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆببێتەوە و پاشان پارێزگارێکی بێلایەن دابنرێت تا هەڵبژاردن دەکرێت. دەشڵێ: لەگەڵ بەغدا قسەمان کردووە و وەڵامیان ئەرێنی بووە و سەردانیشیان دەکەینەوە، هەروەها لە ساڵی نوێیشدا هەنگاوی کردەیی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دەنێین.

ئا/ بڵند ئیبراهیم

نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی یووئێن کرد



ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە 2018/12/27 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە خاتوو جینین هینیس پلاسخارت، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و شاندی یاوەری کرد و بەڕێزیان لە کۆشکی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر کرد.

لە دیدارەکدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی ئەرکی تازە و دەستبەکاربوونی لە خاتوو پلاسخارت کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، هەروەها هەموو پشتگیری و ئاسانکارییەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ دووپات کردەوە.

هەردوولا پرۆسەی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان، گرنگیی تەواوکردنی کابینەی تازەی حکومەتی عێراق و پەیوەندی و کێشەکانی هەولێر و بەغدایان تاوتوێ کرد و جەختیان لە چارەسەرکردنیان بە دیالۆگ و لەسەر بنەمای دەستوور کردەوە.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و خاتوو پلاسخارت خۆشحاڵیی خۆیان بە باشبوونی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا دەربڕی و هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراقیان بە پێویست زانی بەتایبەتی لە ناوچەکانی ماددەی140 کە ماوەیەکە ناسەقامگیریی ئەمنی لەو ناوچانە سەریهەڵداوەتەوە.

تاوتوێکردنی پێشهاتەکان و دۆخی ناوچەکە بەگشتی و گرنگیی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوەیەکگرتووەکان، بەشێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

مەسرور بارزانی پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان دەکات

مەسرور بارزانی: وەک هەمیشە مەسیحییەکان بە بەشێکی ڕەسەنی ئەو کۆمەڵگەیە دەزانین



ڕۆژی پێنجشەممە 2018/12/27 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کاردینال پیترۆ پارۆلین سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان و شاندی یاوەری کرد.

لە سەرەتای دیدارەکە مەسرور بارزانی پیرۆزبایی جەژنی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح و سەری ساڵی نوێی زایینی لە کاردینال پیترۆ پارۆلین کرد و لە ڕێگەی ئەویشەوە بەو بۆنەیەوە سڵاوی تایبەتی بۆ قەداسەتی پاپا فرانسیس نارد.

لەم دیدارەدا وێڕای گفتوگۆکردنی بارودۆخ و ڕۆڵ و ڕەوشی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان، داڵدەدان و حەوانەوەی ئاوارە مەسیحییەکان لە هەرێمی کوردستان بەرزنرخێندرا، لەوبارەوە ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان جەختی لە فەرهەنگی پێکەوەژیان و لێبووردەیی گەلی کوردستان کردەوە و ڕایگەیاند، وەک هەمیشە مەسیحییەکان بە بەشێکی ڕەسەنی ئەو کۆمەڵگەیە دەزانین و داڵدەدان و حەوانەوەشیان بە ئەرکی مرۆڤدۆستی گەلەکەمان دادەنێین. هەروەها ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا هیوای خواست بەیارمەتی هەموو لایەک کەشێکی لەبار بخولقێندرێت بۆ ئەوەی برایانی کریستیان وڵات بەجێنەهێڵن و ڕەوتی کۆچ پێچەوانە بێتەوە و بە ئاسوودەیی بگەڕێنەوە زێدی ڕەسەنی خۆیان.

لەلای خۆیەوە کاردینال پیترۆ پارۆلین، سەرۆک وەزیران سوپاسگوزاری حکومەتی ڤاتیکانی بە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و نزای بۆ گەڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ ناوچەکە کرد. جگە لە ستایشکردنی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە داڵدەدان و دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ ئاوارەکان، دووپاتی لەوەش کردەوە، ڤاتیکان لە پێشکەشکردنی یارمەتیی و پشتیوانەکانی بۆ پێشکەوتنی زیاتری هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت.

پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی بە بۆنەی سااڵی نوێی زایینی
لە پێناو سەربەرزی و خۆشگوزەرانیی و دابینکردنی ئاشتی و تەناهی بۆ کوردستانێکی بەهێز دڕێغی ناکەین

گەلەکەمان دەکەین بەو ئومێدەی سااڵی نوێ پڕ لە خێرو خۆشی و بەرەکەت بێت بۆ هەموو لایەک. لە پێشوازی سااڵی نوێدا ئومێد دەکەین مەینەتی و قەیران و کێشەکانی ڕابردوو بە یەکجاری کۆتاییان بێت و گەلە خۆڕاگرەکەمان پێ بنێتە قۆناغ و ژیانێکی ئاسوودەتر و خۆشگوزەرانتر. بەو هیوایەی سەرەتای سااڵی نوێ سەرەتای بەئەنجامگەیشتنی دانوستانی هێزە سیاسییەکان و دەستبەکاربوونی دامەزراوەکانی کوردستان پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی نوێ بێت بۆ هەرچی زیاتر خزمەتکردنی گەلە شایستەکەمان.

لەم بۆنەیەدا جارێکی دیکە بەڵێن بۆ گەلی خۆمان نوێدەکەینەوە کە هەمیشە پەرەژشی سەربەرزی و خۆشگوزەرانیی و دابینکردنی ئاشتی و تەناهی کوردستانێکی بەهێز بین و لەو پێناوەدا دڕێغی نەکەین.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بەبۆنەی سەری ساڵی2019ی زایینی بە گەرمی پیرۆزبایی لە تێکڕای ڕۆڵەکانی کوردوو.


لە دیداریکدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی ئەرکی تازە و دەستبەکاربوونی لە خاتوو پلاسخارت کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، هەروەها هەموو پشتگیری و ئاسانکارییەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ دووپات کردەوە.

هەردوولا پرۆسەی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان، گرنگیی تەواوکردنی کابینەی تازەی حکومەتی عێراق و پەیوەندی و کێشەکانی هەولێر و بەغدایان تاوتوێ کرد و جەختیان لە چارەسەرکردنیان بە دیالۆگ و لەسەر بنەمای دەستوور کردەوە.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و خاتوو پلاسخارت خۆشحاڵیی خۆیان بە باشبوونی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا دەربڕی و هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراقیان بە پێویست زانی بەتایبەتی لە ناوچەکانی ماددەی140 کە ماوەیەکە ناسەقامگیریی ئەمنی لەو ناوچانە سەریهەڵداوەتەوە.

تاوتوێکردنی پێشهاتەکان و دۆخی ناوچەکە بەگشتی و گرنگیی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوەیەکگرتووەکان، بەشێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

مەسرور بارزانی لەگەڵ نوێنەری نوێی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کۆبووەوە



ڕۆژی پێنجشەممە 2018/12/27 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە خاتوو جینین هینیس بلاسخارت نوێنەری نوێی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و شاندی یاوەری کرد.

لەم دیدارەدا، وێڕای تاوتوێکردنی پێشهات و ئەگەرە سیاسییەکان، مەسرور بارزانی پیرۆزبایی لە خاتوو بلاسخارت کرد بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە کاری نوێیدا و ئامادەیی هەرێمی کوردستانی دەربڕی بۆ هەماهەنگی و کارئاسانی لە جێبەجێکردنی کارەکانیدا. لەبەرامبەردا خاتوو جینین هینیس بلاسخارت سوپاسی مەسرور بارزانی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە سەرۆکایەتی کردنی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

لەدرێژەی ئەم دیدارەدا گفتوگۆی کێشەکانی عێراق و هۆکاری دواکەوتنی چارەسەرکردنیان کرا، لەوبارەوە ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە گرینگی جێبەجێکردنی تەواوی دەستوور و پەلەکردن لە دامەزراوەکانی فیدراڵی کرد. لەبەشێکی دیکەی ئەم دیدارەدا پرۆسەی یارمەتیدان و گەڕانەوەی ئاوارەکان و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی دەستی داعش تاوتوێکرا، پەیوەست بەو پرسە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ژیرانە کارەکان خاوەکەینەوە.

پێم وایە سەرۆک ئەم قۆناغە خاوکردنەوەی بۆ ئەوە داناوە تا باجێکی زیاتر بەوانەی دیکە بدات و زیاتریان پێ گوتی: هەرگیز هێندەی دوای کۆبوونەوەم لەگەڵ سەرۆک تەرمپ و سەرۆک ئەرکانی سوپا دەنفۆرد هەستم بە باشی نەکردووە لەبارەی ئەو ئاڕاستەی بۆ دەڕۆین. پێموایە بەشێوەیەکی جەختی لەوە کردەوە، وێڕای ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەرکە مرۆییەکانی بەردەوام دەبێت، بە هاوکاری هێز و لایەنەکان توانا کانی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ لێک نزیککردنەوەی نوێنەرانی پێکهاتە و تایفەکان بە ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان.

هەوڵەکانی تەواوکردنی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بە ئاراستەی دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

سیناتۆرێکی ئەمەریکی: هاوپەیمانە کوردەکانمان دەپارێزین



گوتی: هەرگیز هێندەی دوای کۆبوونەوەم لەگەڵ سەرۆک تەرمپ و سەرۆک ئەرکانی سوپا دەنفۆرد هەستم بە باشی نەکردووە لەبارەی ئەو ئاڕاستەی بۆ دەڕۆین. پێموایە بەشێوەیەکی سیناتۆری کۆماریخوازەکانی ئەمەریکا بۆ ویلایەتی کارۆلینای باشوور، لیندسی گراهام ڕایگەیاند، سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەرمپ لەبارەی بڕیاری کشانەوەی هێزەکان لە سووریا شتانێکی بۆ باسکردووە کە نەیزانیوە و ئاماژەی بەوەشداوە کە لە ئێستادا قۆناغی کشانەوەکە خاوبووەتەوە. سەرۆک لە هەر کشانەوەیەک کە لە سووریاوە دەکرێت ئەمانە دەستەبەر دەکات: یەک، داعش تەواو لەناو دەچێت. دوو، ئێران لەو شوێنانە جێگیرنابێت کە چۆڵدەکرێن. سێ، هاوپەیمانە کوردەکانمان دەپارێزرێن. سەرۆک دۆنالد تەرمپ کاتێک قۆناغی کشانەوە جێبەجێدەکات لەگەڵ فەرماندە و هاوپەیمانانمان کار دەکات بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئامانجانە.

گراهام دواتر لە هەژماری خۆی لە تویتەر ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و تیایدا باسی لەوە کرد کە زۆر شت فێربووە لەبارەی هەوڵەکانی ئەمەریکا لە سووریا و ئەوەش مایەی دڵنیاییە بۆم، گوتیشی: سەرۆک لە هەر کشانەوەیەک کە لە سووریاوە دەکرێت ئەمانە دەستەبەر دەکات: یەک، داعش تەواو لەناو دەچێت. دوو، ئێران لەو شوێنانە جێگیرنابێت کە چۆڵدەکرێن. سێ، هاوپەیمانە کوردەکانمان دەپارێزرێن. سەرۆک دۆنالد تەرمپ کاتێک قۆناغی کشانەوە جێبەجێدەکات لەگەڵ فەرماندە و هاوپەیمانانمان کار دەکات بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئامانجانە.



جێگیری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق پیرۆزبایی سااڵی نوێ لە سەرۆک بارزانی دەکات

دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینییەوە، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاڕاستەی سەرۆک مەسعود بارزانی کرد. لە پەیامەکەیدا جێگیری پەرلەمانی عێراق، پیرۆزبایی خۆی بە گەلی کوردستان دەگەیەنێت و هیواخوازە ساڵی نوێ، 2019ی زایینی ببێتە ساڵی چارەسەری کێشەکان و بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا بۆ ئاستێکی باشتر و، بنبڕکردنی ئەو بەربەستانەی کە لە بەردەمپێشڤەچوونە سیاسییەکانن لە عێراقدا.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
چوارشەممە 2019/1/2 ژمارە (5663)

پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی سەری ساڵی تازەی زایینی

سەرۆک بارزانی: گەلەکەمان لە قۆناغێکی تازەدایە و پێویستی بە پاراستنی دەستکەوتەکان و بەهێزبوون و بووژانەوەیە



سەرۆک بارزانی بەبۆنەی سەری ساڵی تازەی زایینی لە پەیامێکدا رایگەیاند، بە پێویستی دەزانم سوپاسی خۆم ئاراستەی هێزی پێشمەرگە و هەموو خەڵکی کوردستان بکەم کە لە ساڵانی ڕابردوودا بە قوربانیدان و خۆڕاگری، لەبەرانبەر هەڕەشەکان و تیرۆر و ئابلۆقەدا وەستانەوە و دەنگی ڕەوا و ئاشتیخوازانەی خۆیان بە هەموو جیهانیان گەیاند و، بەسەر پیلان و حەزی نەیارانیشدا سەرکەوتن. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەبۆنەی سەری ساڵی نوێ پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەم. هیوادارم ساڵی تازە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بێت بۆ باشتربوونی ژیان و گوزەرانی خەڵک و بەدیهاتنی سەقامگیری و پێشکەوتنی زیاتر بۆ گەلەکەمان.

بە پێویستی دەزانم سوپاسی خۆم ئاراستەی هێزی پێشمەرگە و هەموو خەڵکی کوردستان بکەم کە لە ساڵانی ڕابردوودا بە قوربانیدان و خۆڕاگری، لەبەرانبەر هەڕەشەکان و تیرۆر و ئابلۆقەدا وەستانەوە و دەنگی ڕەوا و ئاشتیخوازانەی خۆیان بە هەموو جیهانیان گەیاند و، بەسەر پیلان و حەزی نەیارانیشدا سەرکەوتن.

ئێستا گەلەکەمان لە قۆناغێکی تازەدایە و پێویستی بە پاراستنی دەستکەوتەکان و بەهێزبوون و بووژانەوەیە، ئەویش بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکان و ئەو بەهە باڵایانەی کە گەلەکەمان دەیان ساڵە لەپێناویدا خەباتی کردووە و قوربانی داوە. لە مانگی ئەیلوولی ڕابردوویشدا گەلی کوردستان لە مومارەسەیەکی دیموکراتیانەدا ویستی خۆی بۆ گۆڕانکاری و کوردستانێکی بەهێز دووپاتکردەوە و پێویستە ئەو ویست و متمانەیەی گەل لە چوارچێوەی حکوومەتێکی کارا و بەهێزدا جێبەجێ بکرێت.

بە درێژایی خەباتی خۆی گەلی کوردستان هەمیشە لایەنگری ڕێکاری ئاشتیانە و دیالۆگ بووە و ئێستایش ئەوە دووپات دەکەینەوە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانمان لەگەڵ بەغدا بژاردەی دیالۆگ و لێکتێگەییشتن دەگرینە بەر.

لێرەدا بە دەرفەتی دەزانم کە لەبارەی چارەنووسی گەلی کورد لە سووریا نیگەرانیی خۆم ڕابگەیێنم، هیوادارم پێشهاتەکانی سووریا و ئەو گۆڕانکاریانەی لەوێ لە ئاراداان نەبنە هۆی ئازار و ئاوارەبوون و نەهامەتیی زیاتر بۆ گەلی کورد لە سووریا. بە دڵنیاییەوە بوونی تووندوتیژی و ئینکارکردن کێشەکان زۆر لەوەی ئێستا هەیە قوڵتر دەکاتەوە.

پێویستە هەموو لایەک بە باشی لەوە بگات کە ناوچەکەمان چیتر بەرگەی ئەو هەموو کێشە و تووندوتیژی و تیرۆر و تووندڕۆیی و ناسەقامگیری و کەڵەگایی ناگرێت و ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشە بۆ پاراستنی ئاشتی و دادپەروەری و ئاساییش سنووردێک بۆ ئەو ناسەقامگیرییخوازییە دابنێت و چیتر لەمە زیاتر گەلانی ناوچەکە و خەڵکی بێتاوان تووشی نەهامەتی و وێرانکاری نەبن و ئازار نەدرێن.

لەساڵی تازەدا بەهیوای ئەوەی ئاشتی و پێکەوەژیان باڵ بەسەر ناوچەکەماندا بکێشێت و، ئومێدی خێر و خۆشی بۆ گەلی کوردستان دەخوازم.

مسعود بارزانی
2018/12/31

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەکات

سەرۆک بارزانی: کوردستان هەمیشە ڕێگەی لێکتێگەییشتن و دیالۆگی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان گرتۆتە بەر



ڕۆژی پێنجشەممە 2018/12/27 لە سەلاحەددین پێشوازی لە خاتوو جێنین هێنیس پلاسخەرد نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارەکەدا سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی خاتوو جێنین هێنیس پلاسخەردی وەک نوێنەری تازەی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

هەر لەو دیدارەدا شەڕی دژی تیرۆر و مەترسیەکانی هزری تیرۆر لەسەر ئاسایشی عێراق و ناوچەکە خرایە بەر باس و گفتوگۆ و سەرۆک بارزانی ئەوەی بە شاندی میوان ڕاگەیاند کە ڕاستە داعش لە ڕووی سەربازییەوە شکاوە بەڵام هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆر پێویستە نەهێڵدرێن ئەگینا مەترسیی تیرۆر بە شێوەیەکی تر سەرهەڵدەداتەوە و بە پێویستیشی زانی کە شەڕی فکری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی تیرۆر بکرێت.

کۆبوونەوەیەدا ڕۆشنایی خرایە سەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا و سەردانی مانگی نۆڤەمبەری ڕابردووی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا و سەرۆک بارزانی پشتیوانیی خۆی بۆ بەڕێز عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق نیشان دا و بە سیاسییەکی کراوە و لایەنگری دیالۆگی وەسف کرد کە بە باشی لە دۆزی ڕەوای گەلی کوردستانیش دەگات و ئەوەیشی خستە ڕوو کە کوردستان هەمیشە ڕێگەی لێکتێگەییشتن و دیالۆگی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان گرتۆتە بەر. پرۆسەی سیاسیی هەرێم و بارودۆخی کەرکووک تەوەرێکی دیکەی ئەو دانیشتنە بوو.

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان کۆدەبێتەوە

نێچیرڤان بارزانی: کریستیانەکان ڕەگ و ڕیشەی دێرین و میژوویین لە کوردستان هەیە



ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 2018/12/27 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە کاردینال پیترۆ پارۆلین سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا بەڕێزیان خۆشحاڵیی خۆیان بە سەردانی هەرێمی کوردستان و دیداری بەڕێز سەرۆک وەزیران نیشان دا و ستایشی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ جێگیرکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەنێوان پێکهاتەکاندا و ڕۆڵی بەڕێز سەرۆک وەزیرانی لەمبارەیەوە بەرز نرخاند، هەروەها پشتگیریی ڤاتیکانی بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.

بەڕێزیان سوپاسی خەڵک و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ پێشوازیکردنیان لە ژمارەیەکی زۆری ئاوارە پەنابەران بەتایبەتی ئاوارە مەسیحییەکان و هەردوولا بە پێویستیان زانی بەر لە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان، سەقامگیری و ئاسایش و خزمەتگوزاری لە ناوچەکانیان فەراهەم بکرێن.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی سەردانەکەی کرد و دووپاتی کردەوە کریستیانەکان بەشێکی گرنگ و سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردستانن کە ڕەگ و ڕیشەی دێرین و میژوویین لەم وڵاتە هەیە و حکوومەتی هەرێم کاری جددی کردووە و بەردەوام دەبێت لە جێگیرکردنی زیاتری بنەماکانی پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن و ڕێزلەیەکترگرتن، بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕووی پەروەردەییەوە گرنگییەکی زۆر بەم بوارە دەدات و هەنگاوی کردەیی لەمبارەیەوە هەڵێناوە.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا دۆخی کریستییەکانەکان بەگشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، پەرەسەندنە سیاسییەکان و داهاتووی پرۆسەی سیاسی لە عێراق باس کرا و جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا لەسەر بنەمای دەستووری عێراق کرایەوە. هەردوولا کۆک بوون کە چارەسەری سەربازی بۆ لەناوبردنی تووندوتیژی و تیرۆر بەس نییە، بەڵکو پێویستە لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش وەک هاوبەشێکی کارای هاوپەیمانانی نێودەوڵەتیی دژ بە تیرۆر، بەردەوام گووزی کوشندەیان لە تیرۆریستان داوە و لە دوا ئۆپەراسیۆنی تایبەتیشدا کە لە میدیا جیهانیەکاندا دەنگی دایەوە، گەورەترین بانەی پاڵپشتیی دارایی تیرۆریستان و شوشتنەوەی پارە پوچەڵ کرایەوە و ئەو باندەش زۆر کەس و لایەن تێوەگلابوون.

هۆکاری داخ لەدڵی و کینەی پاڵپشتیی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم بووە لە هێزە ڕەسەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان.

شانازییە بۆ مرۆڤ کە تۆمەتبار بکرێت بە پاڵپشتیی خەڵکی ستەملێکراو و مافخوراو و جێگەی سەربەرزیشە کە لە ناوخۆی وڵات لە بەرەی دژ بە گەندەڵان و خۆفرۆشان وڵاتفرۆشان هەڵمار بکرێی. دامودەزگاکانی ژێر سەرپەرشتیی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم لە ڕووی سوپاسی سەردانەکەی کرد و دووپاتی کردەوە کریستیانەکان بەشێکی گرنگ و سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردستانن کە ڕەگ و ڕیشەی دێرین و میژوویین لەم وڵاتە هەیە و حکوومەتی هەرێم کاری جددی کردووە و بەردەوام دەبێت لە جێگیرکردنی زیاتری بنەماکانی پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن و ڕێزلەیەکترگرتن، بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕووی پەروەردەییەوە گرنگییەکی زۆر بەم بوارە دەدات و هەنگاوی کردەیی لەمبارەیەوە هەڵێناوە.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا دۆخی کریستییەکانەکان بەگشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، پەرەسەندنە سیاسییەکان و داهاتووی پرۆسەی سیاسی لە عێراق باس کرا و جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا لەسەر بنەمای دەستووری عێراق کرایەوە. هەردوولا کۆک بوون کە چارەسەری سەربازی بۆ لەناوبردنی تووندوتیژی و تیرۆر بەس نییە، بەڵکو پێویستە لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش وەک هاوبەشێکی کارای هاوپەیمانانی نێودەوڵەتیی دژ بە تیرۆر، بەردەوام گووزی کوشندەیان لە تیرۆریستان داوە و لە دوا ئۆپەراسیۆنی تایبەتیشدا کە لە میدیا جیهانیەکاندا دەنگی دایەوە، گەورەترین بانەی پاڵپشتیی دارایی تیرۆریستان و شوشتنەوەی پارە پوچەڵ کرایەوە و ئەو باندەش زۆر کەس و لایەن تێوەگلابوون.

هۆکاری داخ لەدڵی و کینەی پاڵپشتیی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم بووە لە هێزە ڕەسەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان.

شانازییە بۆ مرۆڤ کە تۆمەتبار بکرێت بە پاڵپشتیی خەڵکی ستەملێکراو و مافخوراو و جێگەی سەربەرزیشە کە لە ناوخۆی وڵات لە بەرەی دژ بە گەندەڵان و خۆفرۆشان وڵاتفرۆشان هەڵمار بکرێی. دامودەزگاکانی ژێر سەرپەرشتیی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم لە ڕووی پەروەردەییەوە گرنگییەکی زۆر بەم بوارە دەدات و هەنگاوی کردەیی لەمبارەیەوە هەڵێناوە.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا دۆخی کریستییەکانەکان بەگشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، پەرەسەندنە سیاسییەکان و داهاتووی پرۆسەی سیاسی لە عێراق باس کرا و جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا لەسەر بنەمای دەستووری عێراق کرایەوە. هەردوولا کۆک بوون کە چارەسەری سەربازی بۆ لەناوبردنی تووندوتیژی و تیرۆر بەس نییە، بەڵکو پێویستە لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش وەک هاوبەشێکی کارای هاوپەیمانانی نێودەوڵەتیی دژ بە تیرۆر، بەردەوام گووزی کوشندەیان لە تیرۆریستان داوە و لە دوا ئۆپەراسیۆنی تایبەتیشدا کە لە میدیا جیهانیەکاندا دەنگی دایەوە، گەورەترین بانەی پاڵپشتیی دارایی تیرۆریستان و شوشتنەوەی پارە پوچەڵ کرایەوە و ئەو باندەش زۆر کەس و لایەن تێوەگلابوون.

هۆکاری داخ لەدڵی و کینەی پاڵپشتیی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم بووە لە هێزە ڕەسەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان.

شانازییە بۆ مرۆڤ کە تۆمەتبار بکرێت بە پاڵپشتیی خەڵکی ستەملێکراو و مافخوراو و جێگەی سەربەرزیشە کە لە ناوخۆی وڵات لە بەرەی دژ بە گەندەڵان و خۆفرۆشان وڵاتفرۆشان هەڵمار بکرێی. دامودەزگاکانی ژێر سەرپەرشتیی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم لە ڕووی پەروەردەییەوە گرنگییەکی زۆر بەم بوارە دەدات و هەنگاوی کردەیی لەمبارەیەوە هەڵێناوە.

ڕوونکردنەوەیەک لە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە

شانازییە بۆ مرۆڤ کە تۆمەتبار بکرێت بە پاڵپشتیی خەڵکی ستەملێکراو و مافخوراو

ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا سەبارەت بە دەنگۆی هەندێ میدیایی سەر بە ڕژێمی سووریا کە لیستێکیان بڵاوکردووەتەوە و ئاماژەیان بە ناوی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان داوە لەو لیستە کە هاوکاری ئۆپۆزسیۆنی سووریای کردووە، ڕایگەیاند کە ڕژێمێک چەکی قەدەغەکراوی دژ بە خەڵکی سیڤیل بەکار هێنابێت و بە سەدان هەزار هاووڵاتیی سووریای خەڵتانی خوێن کردبێت و بە ملیۆنانی دیکەی ئاوارەی وڵاتانی دەوروبەر کردبێت، دەبێت چ ئیعتبارێکی هەبێت تا بانگەشەی دروستکردنی لیستێکی وا بکات؟!...

ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

لە هەندێ میدیای سەر بە ڕژێمی سووریاوە لە میانەی لیستێکی دوور و درێژی ئەو کەسانەی هاوکاریی ئۆپۆزسیۆنی سووریان کردووە و بە پاڵپشتیی تیرۆر ناوزەد کراون، ئاماژە بە ناوی بەڕێز مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دراوە.

مایەی گاڵتەجارییە ڕژێمێکی شۆڤێنی و سەرکوتکار و دژە کورد کە بۆ مانەوەی خۆی پاڵپشتیی تیرۆریستانی کرد تاکو وەکو بەدیلێکی باشتر لە تووندڕۆکان خۆی بنوێنێت باسی تیرۆر بکات.

مەسروور بارزانی:
گەلی کوردستان بە خۆڕاگریی و لەخۆبووردوویی‌یەوە قەیرانی سەخت و گەورەی تێپەڕاند



ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینییەوە ڕایگەیاند، گەلەکەمان ویست و خواستی خۆی لە دوا هەڵبژاردنەکانی هەرێم نمایش کرد، بۆیە داواکارم هەموو لایەک بە ڕێزگرتن لە دەنگ و ویستی خەڵک، پەلە لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت بکەن، تاکو هەرچی زووتر خزمەتێکی شایستەتری هاوواڵتیانی خۆشەویستمان بکرێت. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینییەوە پیرۆزبایی گەرمی خۆم لە سەرجەم گەلی کوردستان و گەلانی جیهان، بەتایبەتی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەم.

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا گەلی کوردستان بە خۆڕاگریی و لەخۆبووردوویی‌یەوە قەیرانی سەخت و گەورەی تێپەڕاند و لەو بڕوایەدام کە بە پاڵپشتیی ئەم گەلە مەزنە بەرەو داهاتووەکی پرشنگدار و پڕ بەختەوەری و دەسکەوتی زیاتر هەنگاو دەنێین. گەلەکەمان ویست و خواستی خۆی لە دوا هەڵبژاردنەکانی هەرێم نمایش کرد، بۆیە داواکارم هەموو لایەک بە ڕێزگرتن لە دەنگ و ویستی خەڵک، پەلە لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت بکەن، تاکو هەرچی زووتر خزمەتێکی شایستەتری هاوواڵتیانی خۆشەویستمان بکرێت.

لەم بۆنەیەدا، جەخت لە سەر بنەماکانی یەکسانی و ئاشتی و پێکەوەژیان لە دەڤەرەکەدا دەکەینەوە و ئاواتەخوازین کۆتایی بە گشت ئەو نەهامەتیانە بهێنرێت کە، ساڵانێکە بەرۆکی گەلانی ناوچەکەی گرتووە. دەستی هاوکاری و ئاشتی بۆ هەموو لایەک لە سەر بنەمای داڤەروەی و ڕێزگرتنی دوولایەنە دراێژ دەکەینەوە و بە تایبەت لە عێراقدا خوازیارین بە هاوبەشییەکی ڕاستەقینە و بە ڕەچاوکردنی دەستوور، گشت کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکرێن و ئیتر لەمەولا، سەرمایە و سامان و تواناکانی ئەم وڵاتە بۆ خزمەتی خەڵک و پێشکەوتنی وڵات بەکاربخرێت.

لەم کاتوساتەدا دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان نیگەرانی کردووین. خەریکە گەلی کوردمان لە ڕۆژئاوای کوردستان بەرەوە چارەنووسێکی نادیار پەلکێش بکردرێت. هیوادارین هەرچی زووتر بە گرتنەبەری هەنگاوی لۆجیکی و بە دانوستان و ڕێگەچارەی ئاشتیانە ئەم مەترسیانە بڕەوێنرێتەوە.

بە هیوای ساڵێکی پڕ بەرهەم و دەسکەوت و ئاسوودەیی و بەختەوری بۆ هەموو لایەک

مەسرور بارزانی
ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان
2018/12/31

نێچیرڤان بارزانی جەژنی سەری ساڵ پیرۆز دەکات
گەلی کوردستان لە ساڵی 2018دا ڕاستییەکی زۆر گرنگی بۆ دەرەوە و ناوەوە ڕوون کردەوە
دڵنیاین کاتە سەختەکان تێپەڕین و ئایندەیەکی گەش، ئارامی، پێشکەوتن و بووژانەوە چاوەڕێی خەڵکی کوردستانە



لە پەیامێکی پیرۆزبایدا بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان کرد و هیوای جەژنێکی خۆش و بەختەوەری بۆ خواستن، ئەمە دەقەکەیەتی:

بە بۆنەی هاتنی ساڵی تازەوە گەرمترین سلاو و پیرۆزبایی لە هەموو لایەک دەکەم. هیوادارم ساڵی نوێ هەڵگری هەموو خێر و خۆشییەک بێت و گەلی کوردستان لە ساڵی تازەدا بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا زاڵ ببێ و ئامانجەکانی بەدی بهێنێت. گەلی کوردستان لە ڕابردوودا زۆر مەینەتی بینیوە و بێ ئەژمارێش قوربانی داوە بۆ دابینکردنی داهاتوویەکی گەشتر و ژیان بە شێوەیەکی ئاشتییانە و سەردەمییانە.

هەموو دەسکەوت و سەرکەوتنەکانی سالانی ڕابردوو، بۆ گەلی کوردستان خۆی دەگەڕێنەوە، لەبەرئەوەی گەل دایکی هەموو داهێنان و سەرکەوتنێکە. بێگومان کەموکورتیش هەن، ئەمەش هەر بەشێک بووە لە کاروانی پێشکەوتن. کەموکورتی کاتێک دەردەکەون کە ژیان بەرەوپێش دەڕوات، لە ژیانی وەستاو و نەگۆڕدا کەموکورتی ڕوونادەن.

گەلی کوردستان لە ساڵی 2018دا ڕاستییەکی زۆر گرنگی بۆ دەرەوە و ناوەوە ڕوون کردەوە، ئەویش ئەوەبوو کە پشتی هێزە ڕاستەقینەکانی خۆی لە دوو هەڵبژاردنی گشتی لە عێراق و لە هەرێمی کوردستان بەرنەدا و دووپاتی کردەوە کەوا گەل و حکوومەت لە هەرێمی کوردستان یەک بەرەی بەهێز و یەکگرتوون، ئەمەش دووبارە خەیاڵی خاوی ناحەزانی پووچ و بەتاڵ کردەوە.

گەلی کوردستان ئەمڕۆ نموونەیەکی بەهێز و زیندووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئێمە ناوچەیەکین کە هیچ جۆرە داپڵۆسینێکی سیاسی، نەتەوەیی، ئایینی یان مەزهەبیمان تێدا نییە. گەلی کوردستان ئەگەرچی بە زۆرینە موسڵمانی سوننەیە، بەڵام شیعە، کریستیان، ئێزیدی، ئەهلی حەق و زەردەشتی ئەوپەڕی یەکسانییان لەگەڵ یەکدا هەیە.

پیرۆزباییی ساڵی تازە لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان لە موسڵمانی سوننە و شیعە، کریستیان، ئێزیدی، کاکەیی، شەبەک، زەردەشتی، لە کورد، ئاشووری، سریان، کلدان، تورکمان، ئەرمەن، عەرەب و هەموو ئەوانەش دەکەین کە لە عێراق و سووریاوە پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە، یان ئەوانەی بە هەر هۆیەکەوە بێت لێرە دەژین و جەژنی سەری ساڵ لەگەڵ ئێمەدا دەکەنەوە.

هەرێمی کوردستان، بێ جیاوازی ماڵی هەمووانە.

سڵاو لە خۆڕاگریی لاوان و قوتابیان و ئافرەتان کە چاوەڕێی هەڵاتنی ڕۆژێکی گەشتر و ژیانێکی باشترن.

جەژنە پیرۆزەی تایبەتیم بۆ منداڵانی کوردستان. سڵاو لە برایانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس کە پارێزەری ژیانی ئێمەن. سڵاو لە گیانی پیرۆزی ئەوانەی خوێن و تەمەنی خۆیان پێشکەش بە نیشتمان کرد. سڵاو لە ماڵ و منداڵی شەهیدان و دایک و باوکیان. ساڵی نوێیان پیرۆز بێت و پێشکەوتنی کوردستان چاو و دڵیان ڕوون بکاتەوە.

ئەوپەڕی سوپاس و ڕێز و پێزانین بۆ کوردستانییان و بەتایبەتی بۆ مووچەخۆران دووپات دەکەمەوە کە ساڵانی ڕابردوو بەرگەی زۆر قەیران و بێمووچەییان گرت و تێگەیشتینیان بۆ دۆخی سەخت و هەستیاری کوردستان هەبوو. دڵنیاین کاتە سەختەکان تێپەڕین و ئایندەیەکی گەش، ئارامی، پێشکەوتن و بووژانەوە چاوەڕێی خەڵکی کوردستانە.

هیوادارم کوردستان و جیهان بەگشتی ئەم جەژنە لە خۆشی و بەختەوەریدا بکەنەوە

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان
2018/12/31

ئاسایشی کەرکووک: ڕۆژ بە ڕۆژ دۆخی ئەمنیی سنووری کەرکووک زیاتر تێکدەچێت
ئەگەر دۆخەکە وا بڕوات مەترسی دەگاتە نێو کەرکووک



تا/ بڵند ئیبراهیم: بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئاسایشی کەرکووک گوتی، لەو 19 هاوواڵتییەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە لایەن داعشەوە ڕفێندرابوون، تا ئێستا چارەنووسی حەوتیان دیار نییە، کە سێ کەسیان کوردن و دۆخی ئەمنیی ناوچەکەش بە جۆرێک مەترسیدار بووە، ئەگەر وا بڕوات مەترسییەکان دەگەنە ناو شاری کەرکووک.

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئاسایشی کەرکووک، نەقیب گۆران عەبدوڵڵا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: پێش چەند ڕۆژێک تیرۆریستانی داعش لە گوندی مەدەد لە سنووری ناحیەی ڕەشاد 14 کەسیان ڕفاند و پێنج کەسی دیکەش لە گوندی قارەی سنووری دووزخورماتوو ڕفێندرابوون، کە چوار کەسیان کوردن و تا ئێستا حەوت کەس، کە سێ کەسیان کوردن، ئازاد نەکراون و ئەوانەی دیکەش لە لایەن داعشەوە ئازاد کراون. نەقیب گۆران عەبدوڵڵا گوتیشی: تا ئێستا چارەنووسی ئەو حەوت کەسە دیار نییە، چونکە بۆشاییەکی گەورەی ئەمنی لە ناوچەکەدا دروست بووە و هێزەکانی عێراق و حەشدی شەعبیش ناتوانن ناوچەکە بپارێزن، بۆیە داعش سەری هەڵداوەتەوە و بووەتە مەترسییەکی جددی.

باسی لەوەش کرد: ڕۆژ بە ڕۆژ دۆخی ئەمنیی سنووری کەرکووک زیاتر تێک دەچێت و نزیک دەبێتەوە لەوەی مەترسییەکان بگەنە ناو شاری کەرکووک، ئەگەریش دۆخەکە چارە نەکرێت و بەو شێوەیە بەردەوام بێت، لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا مەترسی دەگاتە نێو کەرکووک.

عادل عەبدولمەهدی: هیچ بنکەیەکی سەربازیی ئەمەریکی لە عێراق نییە

سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاند کە هیچ بنکەیەکی سەربازیی سوپای ئەمریکا لە خاکی وڵاتەکەی بوونی نییە. عادل عەبدولمەهدی لە دوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران کە لە بەغدا بەڕێوەچوو، بۆ ڕۆژنامەنووسان دوا. سەرۆکوەزیرانی عێراق لەبارەی بوونی بنکەی سەربازیی ئەمریکی لە خاکی وڵاتەکەی گوتی: چەند بنکەیەکی سەربازیی عێراقی هەیە کە سەربازیی ئەمریکی تیادایە و هیچ بنکەیەکی سەربازیی ئەمریکی لە عێراقدا بوونی نییە.

لەبارەی سەردانە پێشتر ڕانەگەیەنراوەکەی سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ بۆ عێراق، عادل عەبدولمەهدی گوتی: لایەنی ئەمریکی لە سەردانەکەی ترەمپ ئاگاداریان کردینەوە، و ئێمە مەرجی ئەوەمان دانا کە دەبێت سەردانەکە فەرمی و بەپێی بەرنامەی کار دیاریکراوبێت. سەرۆکوەزیرانی عێراق گوتیشی: چاومان بە باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق کەوتووە و هەڵوێستی عێراقمان لەبارەی سەردانەکەی سەرۆکی ئەمریکا بۆ عێراق پێڕاگەیاندووە.

پاسەوانەکانی عەبدولمەهدی ڤیلایەک بە عەبادی چۆڵ دەکەن



سەرکردەیەکی ئیئتیلافی نەسر، ئاشکرای کرد، ڕۆژی دووشەمە هێزێکی سەر بە سەرۆکایەتی وەزیران چووەتە سەر ماڵی حەیدەر عەبادی لەناوچەی سەوز. ناوچەی سەوزی بەغدا بینای پەرلەمانی عێراق و باڵیۆزخانەی وڵاتی تێدایە و زۆرێک لەبەرپرسانیش لەو ناوچە پارێزراوە، نیشتەجێن. بە گوێرەی هەواڵێکی باسنیوز، عەلی سنەید، سەرکردە لە ئیئتلایتلافی نەسر، ڕایگەیاندووە: بەرپرسی دەستەی پاسەوانانی عادل عەبدولمەهدی، چووەتە سەر ماڵی عەبادی، بۆیە ئێمە گلەییمان لە سەرۆک وەزیران هەیە، کە چۆن ڕێگە دەدات بەو شێوەیە مامەڵە بکات، هەرچەندە پێش مانگێک زیاتر عەبادی ئەو ڤیلایەی ڕادەست کردووەتەوە. ئاماژەی بەوەش دا، کاتێک هێزەکە چووەتە سەر ڤیلاکە، حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی پێشوو لەوێ نەبووە، تەنها پاسەوانەکانی گەڕابوونەوە بۆ پاراستنی ئەو کەرەستانەی خاوەندارێتییان بۆ عەبادی دەگەڕێتەوە، بەڵام بارەگاکە قوفڵ دراوە و بەفەرمانی بەرپرسی پاسەوانەکانی عەبدولمەهدی، پاسەوانی دیکەی بۆ دانراوە. بەڵام سەرچاوەیەکی دیکە ئاشکرای کردووە، کاتێک هێزەکە ڕۆشتوونەتە سەر ڤیلاکە، عەبادی لەوێ نەبووە و تەنها خێزانەکەی تێدا بووە، بۆیە بەپەلە گەڕاوەتەوە و خێزانەکەی دەرکردووە.

ترەمپ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکای تا چوار مانگی دیکە درێژکردەوە

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوی کردۆتەوە کە سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ چوار مانگ ماوەی داوە بۆ کشانەوەی یەکەکانی وڵاتەکەی لە سووریا. بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەکە کە پشتبەستن بە گوتەی دوو کەسی حکوومەتی ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە، دۆنالد ترەمپ چوار مانگ ماوەی بە پنتاگۆن داوە بۆ کشانەوەی تەواوی یەکەکانیان لە سووریا. بەرپرسان بە نیویۆرک تایمزیان ڕاگەیاندووە کە ترەمپ دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژبە داعش، پۆل لاکامێرا ماوەی کشانەوەکەی خستووەتەڕوو.

کەتەلۆنیا لە 2019شدا لەسەر داواکاریی سەربەخۆیی بەردەوام دەبێت

حکوومەتی هەرێمی کەتەلۆنیا کە دەیەوێت لە ئیسپانیا جیابێتەوە ڕایگەیاند کە لە 2019شدا هەوڵەکانی سەربەخۆیی درێژە پێدەدەن. سەرۆکی حکوومەتی کەتەلۆنیا، کویم تۆرا لە پەیامی سالی نوێیدا کە لە تەلەڤیزیۆنی فەرمیی کەتەلۆنیادا بڵاوکراوەتەوە، بانگەوازی، "لە 2019دا بەیەکڕیزی سەرهەڵدانی دژی نادادپەروەری"ی دووپاتکردەوە.

تۆرا هیوای خواست، سالی نوێ ببێتە مایەی ڕووخاندنی دیواری ستەمی حکوومەتی ئیسپانیا و سەرهەڵدان دژی نادادپەروەری. تۆرا دووپاتیشی کردەوە کە دەستبەرداری داواکاریی سەربەخۆیی نابن بۆ کەتەلۆنیا و داوای لە سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا، پێدرۆ سانچێز کرد "دانوستانێکی بوێرانە و جێگای باوەڕ" لەوبارەوە دەست پێ بکەن. ناوبراو هەروەها داوای نێوەندگیریی نێودەوڵەتیشی کرد بۆ چارەسەری کێشەی کەتەلۆنیا.

(سێوان قادر) و چەند وشەیەک



ڕزگار نوری شاوەیس

کوردینە..

ئاخۆ ئێوە بەوە نەزانن کە لەم ولاتەی ئێمە بە سەدان مالّ هەیە کراونەتە زیندان و گۆڕی کچان و ژنانمان..؟ !!

ئاخۆ ئێوە بەوە نەزانن کە ئەوەی لە چەمچەماڵ ڕوویدا، بەرهەمی زێدانی ئەو هزر و کولتوورەیە نمونەی وەک داعشی لێ دەزێت..؟ !!

دەرئەنجامی یاسای ترشاوی دادێکی گۆج و لاڵ و شەپرەیە..

ئەم تاوانەی هەندێک دەڵێن عەرشی یەزدانی هەژاند، ئەگەرچی "سێوان" ی دایکۆڵەی جوانەمەرگ و سێ کۆرپەلەکەی کردە نێچیری، تاوانێک نییە تەنها دەرهەق بە ئافرەتانمان هەتا کەی؟ !

بەسە چەوسانەوە و سەرکوتکردنی ژنانی کورد بە دەستی کورد.. ئەم زوڵم و ستەمکارییەی لە بیابانە لمینەکانەوە بۆ غەزا و تالآنیی خاک و نان و ئاومان ڕووی لە ولاتمان کرد، هەتاکەی گەرا لە کەللەماندا تاوانێکی ئابڕووبەرە، ئابڕووی میللەتێکی برد.. ! ئای چەند لە دواوەین، لە چ زبلّدانێکی گەوجی و جەهالەتدا دەلەوەڕێن و دەگەوزێین.

بەفەرمان و شەرعی بێگانە، ئەم ملهوڕی و زۆرداریەمان دەرهەق بە ئافرەتانمان هەتا کەی؟ !

بەسە چەوسانەوە و سەرکووتکردنی ژنانی کورد بە دەستی کورد.. ئەم زوڵم و ستەمکارییەی لە بیابانە لمینەکانەوە بۆ غەزا و تالآنیی خاک و نان و ئاومان ڕووی لە ولاتمان کرد، هەتاکەی گەرا لە کەللەماندا هەڵبێنێت؟ !

ئەم تاوانە گەورەیەی گشت تاوانەکانی داعشی هێنایەوە پێش چاووم، دڵم دەگوشێ، خوێنی لێ دەتکێ ، لێوم دەلەرزێت و چاوەکانم دوو گۆمی تاڵ و سوێرن، گەردەلوولێکی تورە لە ناخما کلپە دەکات، هاواری داد دەکات..


ئەم تاوانە بەهەر کلۆجێک وەسف بکەم کەمە، تەنها ئەوە دەڵێم :|

بۆ خۆتان گێل دەکەن، بۆ ناچنە سەر بناوانی هاندانی ئەم تاوانە و هەموو تاوان و تۆندوتیژییەکانی دیکەی دەرهەق بە خانمان و بانووانمان ئەنجام دەدرێن..؟

بە چ هەق و ڕەوایەک بڕیاری ژیان و مردنی ژن بەدەست پیاوەوە بێت؟

ئەوەی بەم تاوانە ویژدانی نەوروژابێت مرۆڤ نییە، لە ئاژەڵ کەمترە.

ئاخر کەی فام دەکەینەوە و تێدەگەین کە هیچ کۆمەڵگەیەک بێ دابینکردنی مافە مرۆییەکانی ژنانی هەرگیز ئازاد نییە و ئازادیش نابێت، هیچ پیاوێکی ئەو کۆمەڵگەیە نابێتە خاوەنی بوون و قەوارەی دروستی مرۆیی خۆی..



جیم ماتیس کۆتا پەیامی خۆی ئاڕاستەی سوپای ئەمەریکا کرد

داوا دەکات لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا بمێنێتەوە

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، وەزیری دەستلەکارکێشاوەی بەرگری ئەمەریکا جیم ماتیس کۆتا پەیامی خۆی ئاڕاستەی سوپای ئەمەریکا کرد پێش ئەوەی واز لە پۆستەکەی بهێنێت و داوای لێکردن متمانەیان بە ولاتەکەیان بپارێزن و لەگەڵ هاوپەیمانانا بمێننەوە. ماتیس بە هۆی ناکۆکییە سیاسییەکانییەوە لەگەڵ سەرۆک ترەمپدا دەستی لەکارەکەی کێشایەوە، زۆر کەس ماتیسیان بە هۆکارێک دەزانی بۆ جێگری سیاسەتی بەرگری ئەمەریکا. ئێستا ماتیس وازی لە کارەکەی هێنا و پۆستەکەی بەجێهێشت بۆ جێگرەکەی پاتریک شانەهان. لە پەیامەکەیدا ماتیس دانی بەوەدا ناوە شپرزەییەکی سیاسی هەیە لە واشنتندا، بەڵام داوای لە سوپا کرد بە جێگیری بمێننەوە لە پشتیوانیکردنی دەستوور و پاراستنی شێوازی ژیانی ئەمەریکاییەکان. گوتیشی: وەزارەتەکەمان سەلماندی کە دەتوانێت لە خراپترین و قورسترین کاتدا باشترین بێت، متمانەتان بە ولاتەکەمان بپارێزن و لە پاڵ هاوپەیمانەکانماندا بن و بەرگە بگرن لە ڕووبەڕووبونەوەی دوژمنەکانماندا.

لیوا قارەمان:

هەوڵ دەدرێت بە میکانیزمێکی نوێ هێزی هاوبەش بۆ ناوچە کوردستانییەکان دروست بکرێت

بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت، کار دەکرێت بۆ ئەوەی دووبارە هێزی هاوبەش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دروست بکرێتەوە و بڕیارە شاندێکی وەزارەتی بەرگریی عێراقیش سەردانی هەرێم بکات، بەڵام نەبوونی یەکڕاییی هێزەکانی عێراق بەربەستێکە لە بەردەم دروستکردنی ئەو هەماهەنگییەی پێشتر لە ناوچە کوردستانییەکاندا هەبووە. لیوا قارەمان کەمال، جێگری سەرۆکئەرکانی ئۆپەراسیۆنەکانی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئامانجی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، جارێکی دیکە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق بە هاوبەشی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کار بکەین و هێزی پێشمەرگەش بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە، چونکە پێش شەڕی داعش پێکەوە کارمان کردووە و ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش و هێزی هاوبەش و بازگەی هاوبەش هەبووە و لە موسڵ تا دەگاتە خانەقین 23 بازگەی هاوبەش هەبووە، ئێستا ئەوە نەماوە، بەڵام پێویستە بە میکانیزمێکی نوێ ئەو هێزە هاوبەشانە دروست بکرێتەوە.

لیوا قارەمان کەمال گوتیشی: هەوڵ دەدرێت ئەو ڕێککەوتنەی پێشوو هەبووە بە میکانیزمێکی نوێ زیندوو بکرێتەوە و بڕیار بوو حەفتەی ڕابردوو شاندێکی وەزارەتی بەرگریی عێراق سەردانی هەرێم بکات، بەڵام بە هۆی کەشوهەواو سەردانەکە دوا خرا و ڕەنگە دواتر سەردانەکە ئەنجام بدرێت. باسی لەوەش کرد: ئەوەی کێشەیە بۆ ئێمە کە ڕێککەوتنیان لەگەڵ بکەین، ئەوەیە کە هەموو هێزەکانی عێراق یەک ڕایان نییە، چونکە پۆلیس و حەشدی شەعبی و دژەتیرۆر و سوپای عێراق هەیە، هەریەکەیان ڕای خۆی هەیە و، هەندێک لەو هێزانەش ڕای جیاوازیان دەربارەی دروستکردنەوەی هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە هەیە. بۆ نموونە، کە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان بڕیارێک دەردەکات، حەشدی شەعبی جێبەجێی ناکەن، بۆیە دروستکردنەوەی ئەو هێزە هاوبەشانە ئاسان نییە.

سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێران هەڕەشە لە وڵاتانی کەنداو دەکات

سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێران، ژەنەراڵ محەمەد باقری ڕەخنەی لە بوونی کەشتی فرۆکە هەڵگری ئەمریکا لە کەنداوی بەسرە گرت و ڕاشیگەیاند کە لە سەرهەڵدانی هەر پێشهاتەیەک، ئەو وڵاتانەی کەنداو بەرپرس دەبن کە ئەمریکاییان داوەتی ناوچەکە کردووە. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی IRNAی فەرمی ئێران، سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێران، ژەنەراڵ محەمەد باقری یەکینە سەربازییەکانی وڵاتەکەی لە دوورگەی ئەبو موسای نێو کەنداوی بەسرەی سەر بە پارێزگای هورموزگان بەسەر کردووەتەوە. باقری لەو شوێنە وتارێکی پێشکەش کردووە و تێدا هەڕەشەی لە ژمارەیەک لە وڵاتانی کەنداو کردووە بەهۆی هەبوونی کەشتی جەنگی ئەمریکی لە ناوچەکەدا.

ئەمەریکا و ئیسرائیل بەرەسمی لە UNESCO جیابوونەوە



میکانیزمی جیابوونەوەی هەریەک لە ئەمەریکا و ئیسرائیل لە ڕێکخراوی کولتووریی زانستیی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNESCO) بەکۆتا هات. هەریەک لەو دوو وڵاتە بە هۆی ئەوەی ڕێکخراوەکە لە کێشەی فەڵەستیندا هەڵوێستی پێشوەختەی بەرامبەر ئیسرائیل نواندووە، داوای جیابوونەوەیان کردبوو لە ئەندامێتی و لە ساڵی تازەوە هیچ یەکێک لەو دوو وڵاتە ئەندامی UNESCO نین و هیچ پەیوەندییەکیان پێیەوە نەماوە. جیابوونەوەی ئەمەریکا لە ڕێکخراوێکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی ڕەمزیی گرنگی خۆی هەیە، لەکاتێکدا وڵاتێکە لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە ڕابەرایەتی دەکات. ئەمەریکا و ئیسرائیل ڕەخنەیان لە ڕێکخراوەکە هەبوو کە هەڵوێستی لەپێشینە دژی ئیسرائیل دەنوێنێت، لەکاتێکدا UNESCO ڕەخنەی لەوە گرتبوو کە ئیسرائیل لە نێو خاکی داگیرکراوی فەڵەستینیی، قودسی ڕۆژهەڵات دایە. هاوکات پاشماوە دێرینەکانی ناوچەکەی بە "پاشماوەی کولتووریی فەڵەستینی" دەستنیشان کردبوو، ئەندامێتی ئیدارەی فەڵەستینیشی لە 2011دا قبوڵ کردبوو.

مووچەی مانگێکی کرێکارانی ئێران بەشی 10 ڕۆژ ناکات



سکرتێری گشتیی خانەی کرێکارانی پارێزگای کرماشانی ئێران، ئەولیا عەلی بەیگی ڕایگەیاند، ئەو مانگانەیەی کرێکارانی ئێران وەریدەگرن، بەشی زیاتر لە 10 ڕۆژی خێزانێکی چوار کەسی ناکات. بەیگی ئاماژەی بەوەدا کە هۆکاری کێشەی بڕێویی کرێکارانی ئێران بەرزونزمیی نرخی دراو و گرانبوونی ژیانە و گوتی: کرێکارانی ئێران کێشەی بڕێتوییان هەیە. ئەو مووچەی کرێکاران وەریدەگرن، بەشی10 ڕۆژ دەکات. ناوبراو جەختیشی کردەوە، لەم دۆخەی ئێستادا ئەو مووچەیە بەشی 10 ڕۆژی خێزانێکی چوار کەسی ناکات و ئیدی خێزانەکان توانای کڕینی گۆشتی سوریان نییە. بەیگی ئاماژەی بەوە داوە کە بەرزبوونەوەی نرخی دراوی بیانی لە شارە بچووکەکاندا زیاترە لەچاو شارە گەورەکاندا و بەو هۆیەوە باری گوزەرانی کرێکاران لە شارە بچووکەکان زۆر سەختترە. بە هۆی بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار بەرامبەر تمەنی ئێران، نزمترین مووچە لە ئێران لە450 دۆلارەوە بۆ 320 دۆلار دابەزیوە. دوای ئەوەی حکوومەتی ئێران بەهای دۆلاری لە 4 هەزار و 200 تمەندا ڕاگرت، کەمترین مووچە لە ئاستی 320 دۆلاردا مایەوە و چاوەڕوان دەکرێت لەگەڵ ساڵی نوێدا بەرزبێتەوە.

عێراق... لە پێشوازی سەری ساڵی نوێدا 104 کەس بریندارببوون

وەزارەتی تەندروستی عێراق ڕایگەیاند لە ئەنجامی هەڵدانی یارییە ئاگرینییەکان و تەقەکردن لە میانی پێشوازیکردن لە سەری ساڵی نوێ، 104 کەس لە سەرانسەری وڵات بریندارببوون. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی عێراق، سەیف بەدر لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە، لەو ژمارەیە 47یان لە بەغدا تۆمار کراون کە 10یان بە هۆی تەقەکردنەوە بریندارببوون. سەیف بەدر باسی لەوەشکردووە کە 57 بریندارەکەی دیکە لە ناوچەکانی دیکە تۆمارکراون و ڕاشیگەیاند کە ئەمە ئاماری بەرایی و ئەگەری هەیە ژمارەی بریندارەکان بەرزببێتەوە. لە میانی پێشوازیکردن لە سەری ساڵی نوێ، ژمارەیەک زۆری هاوواڵتیانی عێراق لە شۆینە گشتییەکان و بەردەم مالەکانیان یارییە ئاگرینییەکان بەکاردەهێنن و تەنانەت ژمارەیەکیان پەنا بۆ تەقەکردن دەبن.

ئیسرائیل دەسەڵاتەکانی ئێران لە عێراقدا بە هەڕەشە بۆ سەر خۆی دەزانێت

سەرۆکی هەواڵگری سەربازیی ئیسرائیل جەنەراڵ تامیر هایمن گوتی: ئێران دەتوانێت دەسەڵاتەکانی لە عێراقدا بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە بکاتە شوێنێک بۆ خالی هێرشکردنە سەر ئیسرائیل. ئیسرائیل بوونی ئێران لە ناوچەکەدا بە هەڕەشەیەک دەزانێ بۆ سەر خۆی و لە سووریاش دەیان هێرشی ئاسمانی کردووەتە سەر ئەو بنکە سەربازییانەی کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرێت ئێرانی بن. بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، هایمن لە کۆنگرەیەکدا لە تەلئەڤیڤ گوتوویەتی: عێراق لە ژێر دەسەڵاتە زیادەکانی هێزی قودس و ئێراندایە، وەکو ئاماژەیەک بۆ فەیلەقی قودس کە سەر بە سوپای پاسدارانی ئێرانن و ئەرکە دەرکییەکانی سوپاکە جێبەجێدەکەن. گوتیشی: ئێران دەتوانێ عێراق وەکو ستەیجێک بەکاربهێنێت بۆ خۆ جێگیرکردن وەکو چۆن لە سووریادا کردوویانە و بەکاری بهێنێ بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل. لە مانگی هەشتدا ڕۆیتەرز لە زاری سەرچاوە ئێرانی و عێراقی و ڕۆژئاواییەکانەوە بڵاوی کردەوە ئێران موشەکی بالّیستیکی مەودا کورتی ڕەوانەی شیعەکانی عێراق کردووە و بەغدایش ئەوەی ڕەتکردەوە. هایمن پێشبینی گۆڕانکارییەکی گرنگی کرد لە ساڵی 2019دا لە سووریا، لەگەڵ ئەوەدا کە سەرۆکی سووریا بەشار ئەسەد بە پشتیوانی ڕووسیا و ئێران و حزبوڵای لوبنانیدا سەرکەوت بەسەر چەکدارانی ئۆپۆزسیۆن و هەروەها بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالّد ترەمپیش سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریادا. هایمن گوتی: لەنزیکەوە چاودێری ئەم بوونەی ئێران دەکەین لەژێر چەترەی ڕووسیادا و گەڕانەوەی ئارامی بۆ سووریا.



غەفوور مەخموری

مەسرور بارزانی

پێشمەرگەی تێکشکاندنی تیرۆریستان

بەڕێز (مەسرور بارزانی) وەک کەسایەتییەکی سیاسیی وردبین و دووربین و خودان هزرو ڕامان و بەرنامە لە کارکردندا، وەک ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا زۆر سەرکەوتووانە توانیویەتی کوردستان بپارێزێت و هێمنی و ئارامی بۆ هاوواڵتیان دابین بکات، لە کاتی هێرش و پەلامارەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان وەک پێشمەرگەو هاوکارێک لەگەڵ جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان بەردەوام لە سەنگەری بەرگریکردن لە خاکی کوردستان و پاراستنی سەر و مالّی هاوواڵتیان مایەوەو ڕۆڵی کاریگەرانەی خۆی بینی لە وەستانەوە دژ بە تیرۆریستان و تێکشکاندنیان، بەڕێز مەسرور بارزانی وەک پێشمەرگەیەکی چاونەترس بەردەوام شەڕی تیروریستانی کردووە و، لە خەمی پاراستنی تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان و قوواڵکردنەوەی زیاتری گیانی بەیەکەوە ژیان بووە، شێوازی کار و خەباتی مەسرور بارزانی وایکردووە کەوا لە لایەن دۆست و دوژمن حیسابی وردی بۆ بکرێت، دۆست بە چاوی هیواوە لە داهاتووی مەسرور بارزانی بڕوانێت و، دوژمنیش بە ترسەوە سەیری هەنگاوەکانی بکات، ئەمەش وایکردووە ببێتە ئەو کەسایەتییە گەنجەی کەوا پێگەیەکی بەهێزی لە ناوخۆ و ناوچەکەو وڵاتانی عەرەبی و ئاستی نێودەوڵەتی هەبێت، هەوڵەکانی ڕژێمی سووریاش بۆ دژایەتیکردنی مەسرور بارزانی لەو چوارچێوەیەدان.

هەر دژایەتیکردنێکی بەڕێز مەسرور بارزانی لەلایەن دەوڵەتێکی تیرۆریستی وەک سووریا کەوا خۆی تیرۆری دەوڵەت پێڕەو دەکات جێگەی بایەخ نییە و مەزنترین شانازییە بۆ بەڕێز مەسرور بارزانی، ئەو کاتەی مەسرور بارزانی لە سەنگەری پاراستنی کوردستان و هاوواڵتیانی کوردستاندا بوو، ئەوکات ڕژێمی سووریا ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەی سوریای دەکوشت و گازی کیمیایی لە دژیان بەکار دەهێنا، ڕژێمێکی وەک سووریا کەوا نیوەی هاووڵاتییانی خۆی دەربەدەر کردبێت و نزیکەی ملیۆنێک هاووڵاتی خۆی کوشتبێت و وڵاتەی خۆی وێران کردبێت، ئەوەی تیرۆریستان نەیانکردبێت ئەو کردبێتی چۆن لە ڕووی دێت باسی کەسایەتییەکی وەک مەسرور بارزانی بکات؟ ڕوانینی ڕژێمی سووریا بۆ کەسایەتییەکی تێکۆشەری وەک مەسرور بارزانی لای گەلی کوردستان جێگەی بایەخ نیە و، سەرانی ڕژێمی سووریا لەجیاتی ئەوەی خەریکی دژایەتیکردنی مەسرور بارزانی بن، با بچن خەریکی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیان بن نەک زیاتر وێرانکردنی.

بێگومان هەموو لایەک دەزانن مەسرور بارزانی کێیە و سەرانی ڕژێمی سووریا کێن!

کەسایەتیی مستەفا بارزانی لە هزری رۆناکبیرانی شاری سلێمانیدا

دکتۆر جەمال نەبەز: ئەو رۆژەی بارزانی لە سوڤیەتەوە گەڕایەوە بۆ بەغدا، بە ملیۆنەها هاووڵاتیی کورد و عەرەب بە چەپڵەڕێزانەوە پێشوازییان لێکرد



زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

بیرمەندی گەورەی کورد، کەسایەتیی نەتەوەیی، هاوبیر، مامۆستای ئەزموندار، بە هەڵوێست، بەرهەمداری بەنرخ، گرنگ، دکتۆر جەمال نەبەز، وەک کەسایەتییەکی نیشتمانیی ناودار، زانایەکی زمانەوانی کوردی، تیۆژەرێکی سیاسیی بەناوبانگ دەرکەوتووە. ئەو سااڵنێکە لە ووڵاتی ئەڵمانیا ژیانی دەگوزەراند هەتا لە 2018/12/8 بۆ دواجار مااڵئاوایی کرد و چووە بەر ڕەحمەتی دلۆڤان*.



دوای ماوەیەک کە شۆڕشەکە گەشەی کرد، ناو، ناوبانگی بارزانی بە دنیادا باڵاوبووەوە، (شۆڕشەکە)بووە سیمبولی ڕاپەڕین بە ڕووی ستەمکاران، بووە مایەی ڕزگاربوون لە دیکتاتۆریەت، داگیرکاری، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەواڵەکانی شۆڕشی لەناو ڕۆژنامەکاندا باڵاو دەبوونەوە. وای لێهات گەلێ ڕۆژنامەنووس ڕووبان کردە کوردستان، چەند دیدارێکیان لەگەڵ بارزانی سازدا، لە ڕێی ڕۆژنامە، ئییستگە، تەلەفزیۆنەوە باڵاویان کردەوە.

ئیتر دوای چەند ساڵێک وای لێهات ئەگەر بە یەکێکت بگوتایە (من کوردم) ئەویش پێی دەوتی: (ئاها! بارزانی؟) ئیتر شۆڕشی ئەیلوول بە سەرکردایەتیی بارزانی، سەرەڕای ئەوەی تووشی گەلێ بەربەست، بەرهەڵستی ناوخۆ بووەوە، زۆر تەڵە، فرتوفێڵی داگیرکەرانی بۆ داڕێژرا، بەاڵم ئەنجام هەر توانیی وشەکانی (حوکمی زاتی = حوکمی خۆیی)، (کوردستان) بسەپێنێ بەسەر ڕژێمی بەعسی عێراقی داگیرکەردا. هەرچەندە (حوکمی زاتییەکەیش) ئەوە نەبوو کە کورد کاری بۆ دەکرد، بەاڵم لە ڕوانگەی لێکدانەوەی زانستییانەم بۆ هەر شۆڕش، ڕاپەڕینێکی کوردی لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بوو بێ. ئەگەر بتەوێ داگیرکەرانی کوردستان ناچار بکەیین دان بە بڕێ لە مافی کورددا بنێیت، ئەوا با ئەو مافە لەسەر کاغەز (بە نووسین) جێگیر بێ. هەروەها دەبێ ئەوەیش لەبەر چاو بگرین کە (بارودۆخی کوردستان)، ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست و هەموو جیهان لە سەردەمی بەهەشتیی بارزانیدا وەکوو بارودۆخی ئەمڕۆ نەبوو، بەلکوو زۆر جیاواز بوو.

لە ڕاستیدا شۆڕشی ئەیلوول بەتەنیا شۆڕشی حزبێک یا دەستەیەک یا هەرێمێک یان تیۆژاڵێکی ئایینی نەبوو، بەڵکوو شۆڕشێکی نەتەوایەتیی گەلێک بوو، هەرچەندە ئامانجی سەرزارەکیی شۆڕشەکە بۆ (حوکمی زاتی) بوو، بەاڵم پێشمەرگەی کورد لەژێر سایەی سەرکردایەتیی بارزانی دا خەباتیان دەکرد، لەپێناو سەربەخۆیی کوردستاندا، سروودی پێشمەرگە کە ئیستگەی دەنگی کوردستان هەموو ڕۆژێ باڵاوی دەکردەوە، بەم چەشنە بوو:

پێشمەرگەین بە هەڵمەتین
پاڵەوانی میللەتین
شۆڕی ڕۆژی زیللەتین
لەپێناوی سەربەخۆیی
کوردستان بەخت ئەکەین
ژیانمان، مااڵ و گیان

پاشان ئەو پرسیارە ئیستا سەرهەڵئەدا، باشە بۆ بارزانی توانی ئەو ڕۆڵە ببینێ، ئەوانی تر نەیانتوانی ئەم ڕۆڵە ببینێ؟ هۆیەکەی لەوەدایە کە بارزانی کوردێکی نەتەوەیی، مرۆڤێپەروەر بوو، هەموو خەسڵەتێکی سەرکردەیەکی لیهاتووی تێدا بوو. سەرۆک بارزانی وەکوو کەسێکی نەتەوەیی ڕەفتاری دەکرد، بە لای حزبایەتی تەسکدا نەدەچوو. ئەو باوەڕی وابوو کە دەبێ حزب ببێتە دەستگایەک بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کاروباری شۆڕش بە شێوەیەکی باشتر، نەک ببێتە دەسەاڵتێکی خۆسەپێنەر بەسەر شان، ملی خەڵکەوە. وەنەبێ حزب لە پلەی بارزانی بەرز کردبێتەوە، بەڵکوو وەختێ بارزانی ئەرکی سەرکردایەتیی حزبی پێ سپێردرا، ئەو ئەوسا بۆ خۆی سەرکردە بوو، هەر دەمێک بوو متمانەی خەڵکەکەی وەرگرتبوو، ناو و ڕێزی بارزانی پلە، پایەی پێ بەخشی بوو، بەاڵم بەداخەوە هەندێ کەس ئەم ڕاستییەی نەدەزانی. جا هەر وەکوو بارزانیان بە لای حزبایەتیی تەسکدا نەدەچوو، بەاڵم لەگەڵ ئەمەیشدا باوەڕی بە نزیکبوونەوە و عەشرەتگەری، هەرێمایەتی هەبوو، لەمەیشدا کورتبین نەبوو، بارزانی توانیی دۆزی کورد بگەیەنێ بە هەموو جیهان، وای بە خەڵکی دنیا گەیاند کە میللەتی کورد میللەتێکە حەز بە ئازادی و ئاشتی دەکات، بەاڵم مافی زەوت کراوە. کورد لە سەردەمی بارزانیدا لە هەندەران ئەوپەڕی ڕێز، پایەی هەبوو، هەمیشە وەک نموونەیەکی باش دەکەوتە بەرچاو.

ئێوە دەفەرموون لە زمانی (هەندێ کەسانەوە) دەڵێن: (بارزانی خۆپەرست بووە!) من نازانم ئەو (هێندە کەسانە کێن؟) تاکوو لەوە بگەم کە ئەم (هێندەیە) چۆن لە خۆپەرستیی بە چی دەزانن، ئەو خۆپەرستییە مەرگ پێوانەی (سم، سانتیمتر) لێوەی دوور بووە.

ئەگەر کەسێک ئەوەندە ژیانی خۆی لا هەرزان بووبێ، ئەوە (خۆپەرستی) لە چ ڕوویەکەوە دەبێ لەم پیاوەوە نزیک بێ؟ مرۆڤی خۆپەرست و سپلە هەمیشە بەرژەوەندیی (مادەی) خۆی پێش بەرژەوەندیی خەڵکانی دی دەخا. واتە دەبەوێ ژیانی خۆی هەمیشە بەختەوەر، باش بێت. بارزانی کاتێ لە ووڵاتی سوڤیەت گەڕایەوە، لە بەغدا مااڵێکی چاکیان بۆ تەرخان کرد، لەو ماوە کورتەدا حوکمەت بە شێوەیەکی کاتی خانوویەکی دایە، پاشان لێی سەندەوە.

بەشی زۆری ژیانی بە دەربەدەری بەسەر لووتکەی شاخ، لەناو ئەشکەوت و بەندیخانەدا پڕ لە دەردەسەریی بەسەر برد، جا مرۆڤی خۆپەرست کە بەرژەوەندیی خۆی دەخاتە پێش بەرژەوەندیی ئەم، ئەوەوە، دەبێ پێش هەموو شتێ لە هەوڵی ئەوەدا بێ زۆرترین سەروەت و سامانی هەبێ، زیاد لە خەڵکانی دی. کەواتە دەبێ ئیستا بپرسین، بڵێین: تکایە پێمان نااڵێن کامانە کۆشک، ڤێاڵای بارزانی یە؟ کوا ئوتومبێلە مارسیدسەکانی بارزانی؟ کوا کەلوپەل، پێاڵوی گرانبەهای بارزانی؟ کامەن ئەو خۆراکە بەتامانەی بارزانی؟ کوا ڕابواردن و ژیانی پڕ لە بەختەوەریی بارزانی؟... هتد. هەموو ئەوانە بۆ بارزانی دەهاتنە دەست، ئەگەر بهاتایە و بارزانی ئەو ڕێگەیەی نەگرتایەتە بەر کە گرتی. ئەوسا لە باشترین کۆشکدا دەژیا، باشترین ئوتومبێلی دەبوو، باشترین کەرەستەی ناوماڵی بۆ دەمایەوە و خۆشترین خواردنی بەلەزەتی دەخوارد، بگرە دەبووە یەکێ لە دەوڵەمەندەکانی ئەم جیهانە. ئەوسایش کەس نەیدەتوانی بارزانیان بۆ پێوانە بکەم. ئیستا یەک ڕێگە هەیە ئەویش ئەوەیە، من لێرەدا خەسڵەتە سەرەکییەکانی مرۆڤی خۆپەرست دەخەمە ڕوو:

مرۆڤی خۆپەرست ژیانی خۆی، مانی خۆی بە بەنرخترین سەرمایە دادەنێ لەچاو ژیان، مافی هەر کەسێکی تردا. ئەوەی ڕوون، ئاشکرایە لای هەمووان بارزانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) هەر لەسەرەتای ژیانیەوە تا ئەو کاتەی گیانی لەدەستدا، بەکردەوە سەلماندی کە ئازا بوو و لە مردن نەدەترسا، ئامادە بوو گیانی خۆی ببەخشێ لە پێنای ئەو ئامانجانەی ترکە باوەڕی پێی هەبوو، هیچ نرخێکی بۆ ژیانی خۆی دانەدەنا، لەم ڕێیەدا جگە لەوە هەموو ژیانی لەناو جەرگەی شەڕ، بەرخودان، شۆڕشدا وەکوو سەربازێکی پاڵەوان، گیانی لەسەر لەپی دەستی بوو، بەشداریی شەڕی دەکرد، زۆرجار مەرگ پێوانەی تاکوو منیش خۆپەرستیی مرۆڤپەروەر بوو، هەموو خەسڵەتێکی سەرکردەیەکی لیهاتووی تێدا بوو. سەرۆک بارزانی وەکوو کەسێکی نەتەوەیی ڕەفتاری دەکرد، بە لای حزبایەتی تەسکدا نەدەچوو. ئەو باوەڕی وابوو کە دەبێ حزب ببێتە دەستگایەک بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کاروباری شۆڕش بە شێوەیەکی باشتر، نەک ببێتە دەسەاڵتێکی خۆسەپێنەر بەسەر شان، ملی خەڵکەوە. وەنەبێ حزب لە پلەی بارزانی بەرز کردبێتەوە، بەڵکوو وەختێ بارزانی ئەرکی سەرکردایەتیی حزبی پێ سپێردرا، ئەو ئەوسا بۆ خۆی سەرکردە بوو، هەر دەمێک بوو متمانەی خەڵکەکەی وەرگرتبوو، ناو و ڕێزی بارزانی پلە، پایەی پێ بەخشی بوو، بەاڵم بەداخەوە هەندێ کەس ئەم ڕاستییەی نەدەزانی. جا هەر وەکوو بارزانی بە لای حزبایەتیی تەسکدا نەدەچوو، بەاڵم لەگەڵ ئەمەیشدا باوەڕی بە نزیکبوونەوە و عەشرەتگەری، هەرێمایەتی هەبوو، لەمەیشدا کورتبین نەبوو، بارزانی توانیی دۆزی کورد بگەیەنێ بە هەموو جیهان، وای بە خەڵکی دنیا گەیاند کە میللەتی کورد میللەتێکە حەز بە ئازادی و ئاشتی دەکات، بەاڵم مافی زەوت کراوە. کورد لە سەردەمی بارزانیدا لە هەندەران ئەوپەڕی ڕێز، پایەی هەبوو، هەمیشە وەک نموونەیەکی باش دەکەوتە بەرچاو.

ئێوە دەفەرموون لە زمانی (هەندێ کەسانەوە) دەڵێن: (بارزانی خۆپەرست بووە!) من نازانم ئەو (هێندە کەسانە کێن؟) تاکوو لەوە بگەم کە ئەم (هێندەیە) چۆن لە خۆپەرستیی بە چی دەزانن، ئەو خۆپەرستییە بە چی دەزانن، تاکوو منیش خۆپەرستیی بارزانیان بۆ پێوانە بکەم. ئیستا یەک ڕێگە هەیە ئەویش ئەوەیە، من لێرەدا خەسڵەتە سەرەکییەکانی مرۆڤی خۆپەرست دەخەمە ڕوو:

مرۆڤی خۆپەرست ژیانی خۆی، مانی خۆی بە بەنرخترین سەرمایە دادەنێ لەچاو ژیان، مافی هەر کەسێکی تردا. ئەوەی ڕوون، ئاشکرایە لای هەمووان بارزانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) هەر لەسەرەتای ژیانیەوە تا ئەو کاتەی گیانی لەدەستدا، بەکردەوە سەلماندی کە ئازا بوو و لە مردن نەدەترسا، ئامادە بوو گیانی خۆی ببەخشێ لە پێنای ئەو ئامانجانەی ترکە باوەڕی پێی هەبوو، هیچ نرخێکی بۆ ژیانی خۆی دانەدەنا، لەم ڕێیەدا جگە لەوە هەموو ژیانی لەناو جەرگەی شەڕ، بەرخودان، شۆڕشدا وەکوو سەربازێکی پاڵەوان، گیانی لەسەر لەپی دەستی بوو، بەشداریی شەڕی دەکرد، زۆرجار مەرگ پێوانەی

هەنگاوە ئیدارییەکانی کابینەی نۆیەم



10 کۆتایی

د. حەکیم مێرگەسۆری*

ئێستا یەکێک لە مژارە هەرە گەرمەکانی گەنگەشەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی شەکەت و ماندووی ئەم هەرێمە، کاندیدبوونی بەرێز مسرور بارزانییە بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆیە ئەگەر گوێمان بۆ تەتەڵە و مقۆمقۆکان شڵ بکەینەوە ئەوا گوێبستی چەندین پرسیاری جیاواز دەبین، کە نووسەر هندێکیان بەرجەستە دەکات: دەبێ رۆژیا و ئامانج و ستراتیژی و پلانی چوار سالّی داهاتوو چ بێت؟ چۆن کوردستان لەم ئاڵنگارییە سیاسی، ئابوورییە، رزگار دەکرێت؟ ئایا بەرنەگاری گەندەڵکاران دەبێتەوە؟ ئایا دەتوانێ متمانەی ناوخۆ و دەرەکی بەدەست بهێنێتەوە؟ ئایا ئەم کابینەیە دادپەروەری و هەڤپەرەیتی دەکاتە سەرمەشقی ئیشوکارەکانی؟ ئایا گۆڕانکاری ئەنجام دەدرێن؟ ئەگەر وەڵام ئەرێنییە، بە چ شێوازێک؟. هەروەک خۆینەری بەرێز تێبینی دەکات ئەوا ئەرکی سەرۆکی کابینەی داهاتوو ئاسان نیە و بەرپرسیارێتییەکی ئێجگار زۆری دەکەوێتە سەر ئەستۆ.

هەنگاوی دەیەم: رێنومایییەکانی دێمینگ

لە هەنگاوی کۆتاییدا نووسەر چوارەد ئامۆژگاری دێمینگ پێشکەشی سەرۆک و وەزیر و بەرێوەبەرە گشتییەکانی کابینەی نۆیەم دەکات کە بە جێبەجێکردنیان دەتوانن سوود و مفایەکی زۆریان بۆ کابینەی داهاتوو هەبێت و دڵی هاوڵاتییانیش بۆ خۆیان ڕابکێشن.

ئامارناسی ئەمریکی ئدوارد دێمینگ (**Edward. W.Deming**) .لە ساڵەکانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو بۆ هەندێ ڕێکخراوی ئابووری ئەمریکی خەریکی جێبەجێ کردنی میتودی چەندایەتی کۆنترۆڵکردنی پڕۆسەکان بوو کە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی ئاستی کوالیتی بەدوای خۆی هێنا. سەرەڕای سەرکەوتنەکانی ئەو لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوا ڕێکخراو کۆمپانیا و دامودەزگاکانی ژاپۆن بوون کە سەرنجیان بۆ بیرۆکەی دێمینگ ڕاکێشرا و دوای شەری جیهانی دووەم بانگهێشتی ژاپۆنیان کرد و پێشنیارەکانی سەبارەت بە پشکنینی ئاماری پڕۆسە (**SPC - Statistical Process Control**) و بەڕێوەبردن لە سەر بنەمای کوالیتی سەرکەوتنەکانی ئەو لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوا ڕێکخراو کۆمپانیا و دامودەزگاکانی ژاپۆن بوون کە سەرنجیان بۆ بیرۆکەی دێمینگ ڕاکێشرا و دوای شەری ئەو بواری بەڕێوەبردن لە سەر بنەمای کوالیتی سەرکەوتن بەدەست دەهێنن. لێکۆڵینەوەی دێمینگ بە شێوەیەکی سەرەکی جەختی لەسەر گیروگرفتی لادان دەکردەوە کە لە هەر دامودەزگایەک بە هۆکاری ڕووداوەکان دادەنران و لە ناو پڕۆژە و گەڵاڵەکانی هەڵسوڕێنەرەکان سەریان هەڵدەدا. بە بۆچوونی ئەو کارگێڕەکان زۆرجار بە هۆی هەڵە و کەمترخەمی خۆیان کارمەندەکان خەتابار دەکەن کە کاریگەرییەکی کارای لە سەر پەیوەندییەکانی ناو ڕێزگران هەیە. دێمینگ تیشکی خستۆتە سەر ئاگادارکردنەوەی هەمەلایەنەی شێوازی بەڕێوەبردن و گرێدانی کارمەندەکان لە پڕۆسەی گۆڕانکاری بۆ ئەوەی لە گرنگی و بایەخی واتای پڕۆسەکان تێبگەن. فەلسەفەی دێمینگ پشت بەم بنەمایانە دەبەستێت: جەخت کردن و تەرکیز خستنە سەر هاوڵاتی و بەرهەمەکان، بە بەردەوامی باشترکردنی ئیشوکارەکان، ئامانجی ئیشوکارەکانت باشتر کردنی خزمەتگوزارییەکان بێت. ئەم باشترکردنە پێویستە گشت لایەن لە هەموو ئاستێک بەشدارین لەم باشترکردنە و لە هەر سێ جۆرەکانی پلان (کورت، ناوەند و درێژخایەن) ڕەنگدانەوەی هەبێت. بنەما و بنچینەی ئیشوکاری چاکسازی بریتییە لە لێهاتوویی و کارزانی دروست کردن و گەشەپێدانی چالاکییەکانی درێژخایەنانە. بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە خزمەتگوزارییەکان ڕەنێوبهێنن ئەوا پێویستە بە شێوەیەکی وردو و قوول بەرهەمەکان، میتۆدەکانی بەرهەمهێنان، داواکارییەکانن ئامرازەکان، ستراتیژی بازاڕ و ڕاهێنان و مەشق پێکردنی کارمەندەکان تەتەڵە بکرێن.

فەلسەفەی نوێ پەسەند بکە و بە هیچ شێوەیەک هەڵە و خەوش و عەیب و تێکهەڵنەکردن و ناسازی قەبول نەکەی. هەبوونی هەڵە و عەیب و نەگونجان شتێکن کە نکوڵیان لێناکرێت، بەڵام بەرهەمی سیستەمێکی زیادکردنی پشکێنەرەکان لە پڕۆسەدا، هەستی چاودێریان کەمدەکاتەوە و دەبێتە هۆی دەربازبوونی بەرهەمی بە خەوش.

تەنها بیر لە نرخ مەکەوە کاتێک بە نیازی هەڵسووڕاندنی ئیشوکارێکی. بە شێوەیکی سەرەکی بۆ ئەو شتانەی دابینکارەکان پێشکەشمان دەکەن پەیوەستە، کاتێک نرخیان کەمە و بەخەوشن، ئەوا لە هەمان سەرەتادا دەبنە هۆی دروستبوونی بارودۆخێکی وا کە بەرهەمی بێ عەیب، ڕەنێونەهێنرێت. سەرەڕای ئەمە کەمیی مووچە بۆ کارمەندانی کەم ئەزموون و ئامرازەکانی تەکنەلۆجیی هەرزانیش دەگرێتەوە کە زۆرجار تێک دەچن و لەکارەکەون. سیستەمی بەڕێوەبردن پێویستە باشترین پێداویستیی بەرهەم دەستەبەر بکات کە لە کۆتاییدا بەرهەمێکی باش گەرەنتی بکات.

بە بەردەوامی چاکسازی بکە لە سیستەمی خزمەتگوزاریدا. چاکسازی پێویستە لە ڕێگای گۆڕانکاری ئەنجامدان لە سیستەم پێویستی بە ئامادەکردنی کارمەندان هەیە بۆ ئەوەی هەر ئیشوکارێک بە جارێک و بە باشترین شێوە ئەنجام بدات. بەدەستهێنانی بەهرە و زانیاری و ئەزموونی نوێ تەنها ئەرکی کارمەندەکان نیە بەڵکو دەستەی هەڵسوڕێنەریش پێویستە لە مەشق و ڕاهێنانەکان بەشدار بن.

ڕێبەری بکە. کارگێڕەکان پێویستە هێز و توانا کانی خۆیان بۆ چاکسازی، بە وردی ناسینی پڕۆسەکانی بەرهەمهێنان و کارمەندەکان بەکاربهێنن. بەڕێوەبەرەکان پێویستە بە واتای تەواو ڕێبەر و پێشەوا بن لە هاوکاریکردندا، ئەگەر ژێردەستەکانیان پێویستیان پێ هەبێت.

سڕینەوەی ترس و خۆف (ترس و خۆف پێویستە لە سنووری بەڕێوەبردن وەلابخرێن). ترسی پێش ئەنجامدانی هەڵە و بەرپرسیار نەبوون هانی شاردنەوەی هەڵە و عەیبەکان دەدات. بە پێی دێمینگ لە 94% تا 95% هەڵەکان دەکەوێتە ئەستۆی هەڵسووڕێنەرەکان (ڕێکخستنی خراپ، گەڵاڵەی خراپی ڕەنێو، داڕشتە و ژێرخانی خراپ). کاتێک ترس نەمێنێت ئەوا گیروگرفتەکان ئاشکرا دەبن و چارەسەریان ئاسانتر دەبێت و کارمەندەکان توانای ئافراندنیان زیاتر دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی کارایی ئیشوکارەکان.

دڕووشم بەکارمەهێنە و ئامۆژگاری خەڵک مەکە. دڕووشم و ئاموژگاری کردن نیشانەی شایستە نەبوونی کارگێڕە. ئەگەر سیستەم بە شێوەیەکی دروست بنیات بنرێت ئەوا دڕووشم و ئامۆژگاری کردن پێویست نیە. پلان، سیستەم و پڕۆسەی گەڵاڵە کراو پێویستە بەدەستبهێنرێن، بەڵام ئەگەر ڕادەبەدەر بێت لە توانای کارمەندان ئەوا دڵەڕاوکێ دروست دەکات.

هەڵسەنگاندنی خاڵبەندی بۆ کارمەندان بەکارمەهێنە. بەکارهێنانی سیستەمی خاڵبەندی بۆ هەڵسەنگاندنی کارمەندان ناچارمان دەکات کە جەخت لە بەدەستهێنانی ئامانجی کورتخایەن بکەینەوە کە زۆر کەم دەبێتە هۆی باشتر بوونی کوالیتی. هەڵسەنگاندنی لە سەر بنەمای پلە بە هەڵسەنگاندنێکی سادەنە هەژمار ناکرێت، چونکە بە دانانی پلە و خاڵ ناکرێت هەڵسەنگاندن بۆ کارمەندەکان بکرێت لە کاتێکدا بەدەستهێنانی ئامانجەکان پشت بە هۆکارگەلێکی جیاواز دەبەستن کە زۆربەیان لە دەرەوەی توانای کۆنترۆڵکردنن. ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە هانی ئیشی پێکەوەیی نادات و ئەنانی بوون و هەستی خۆخوازی خەڵک دەڕووژێنێ بۆ قۆرخکردنی سیستەم نەک بۆ باشتر کردنی. لە جیاتی و فەخر بکەن. دروست کردنی هەستی فەخر و شانازی لە لایەن کارمەندەکان لە بەرامبەر ڕاپەڕاندنی ئیشو کارەکانیان بە جۆرێک کە بە خۆیان بنازن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆ باشترکردنی سیستەم هان بدرێن.

کارمەندەکان بۆ خۆ پەروەردەکردن و سەربەخۆ بوون هان بدە. زۆرجار زانست و پەروەردەکردن خۆی تەنها لە ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکان دەبینێتەوە، کەچی پێویستە بۆ مەودا و سنووڕێکی بەرفراوانتر بەکاربهێنرێت، لە کاتێکدا بەرزبوونەوەی ئاستی زانست و زانیاری کارمەندەکان دەبێتە هۆی ڕازبوونیان و هاوکارە بۆ بەکارهێنانی زانیاری پێویست و دیاریکراو بۆ چەند پێگەی جیاواز.

پابەندکردنی هەموو کارمەندەکان. لەم خاڵەدا دێمینگ تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە هەموو ئەندامانی ڕێکخراو بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئیش و پێگەیان تەنها یەک ئەرکیان هەیە ئەویش بەرپرسیارێتییە لە باشترکردنی کوالیتی چالاکییەکان. هەلومەرجی سەرەکی و بنەڕەتی ئیشکردنی سیستەمی باشترکردنی کوالیتی بە واتای هەمەلایەنە و گشتگر بریتییە لە تێکبەستنەوەی ئاستەکانی سەرەوە و خوارەوە پێکەوە.

لە بنەتادا هیوادارین کە بەڕێوەبەرەکانی کابینەی نۆیەم لە ڕاپەڕاندنی چالاکییەکانیان سەرکەوتوو بن و هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی بۆ داهاتوویەکی گەش و ڕووناک ئاراستە بکەن.

* دکتۆرا لە بواری بەڕێوەبردندا.





خالد ئەحمەد بادی

قەکێشا هێزێت ئەمریکا ژ سوریێ

هەر دەم ل پشت دیواران تشتێن تێنە گوتن وکرن نە وەک یێن ل دیوانا دهێنە گوتن وکرن ئانکو جوداهیەک دناڤبەرا وانان دا هەیە . دزمانێ سیاسەتێ دا ژی زور تشت دناڤەندێن سیاسی دا دهێنە گوتن و زورێن دی ژی نهێنی نە بتنێ کومەکا دەست نیشانکری یێن بەرژەوەند پارێز دزانن .لڤێرە مەرەم ئەوە یا کو زمانێ سیاسەتێ بو مە باس دکەت نە وەک وێ یە یا کو زمانێ سیاسەتێ بو مە دبێژیت وپتریا جاران بەرژەوەندی کونترولێ دکەن وپرنسیپ وباوەری دبنە قوربانی بەرژەوەندیان . هەر ل دەست پێکێ هەڤرکی یەکا دژوار لناڤبەرا واشنتون وموسکوێ یا بەردەوام بوویە وب هەمی لایەکی ئەڤ هەڤرکی یە جاران زور توند دبوو وجاران ژی نەرمیەک دکەفتە دهەلویستێ وانان دا ئەمریکا وروسیا یاریەکا سیاسی دکەن ویاریا وان مینا یاریا توم وجێری یەجاران هەڤپشکن دگەل هەڤدو جاران ژی دوژمنێن هەڤدوو نە. ئەمریکا و روسیا هەر لایەنەک هەولدەت زیانێ بگەهینیت لایێ دی وهندەک جاران ژی دوستێ وبەرژەوەندییێن خو دپاریزن . پەیوەندییێن ئەمریکی وروسی دئاستەکێ ناوەند دا بون و وەک هەڤیەک هەبوو تاکو بویەرێن (**11**)ی سیپتەمبەرێ وچونا ئەمریکا بو ناڤ روژهەلاتا ناڤەراست ب بهانەیا بەرهنگاریا تیرورستا و شەرێ تیرورێ روسیا باش زانی کو ئەمریکا خو گەهاندە دەڤەرا گرنگ ومفادار ژبو کونتروکرنا ژبدەرێن گازێ وییێن پەستانێ و هەر وەک هاتیە زانین کو دەڤەرا روژهەلاتا ناڤەراست یا زەنگینە ب سەرچاڤکێن سروشتی وپەستان وژێدەرێن ئاڤێ وکەش وهەوایەکێ گونجای ئێکسەر روسیا هێلەکا دی ڤەکر ئەوژی هێلا پەیوەندییێن ئیرانی لسەر بنەمایێ بەرژەوەندیان وبەرهنگاربونا ئەمریکا . روسیا پەیوەندییێن بازرگانی وئابوری وسیاسی دگەل وەلاتێن هەڤرک دگەل ئەمریکا خوش کرن بەرامبەر ئەمریکا .باسێ ئەمریکا وروسیا وبریتانیا و وەلاتێن زلهێز وبەرژەوەن پاریز درێژە ب سالان ژی بداوی ناهێت لڤێرە دێ باسێ نوکە کەین وهاتی وبوری یێ ئاشکەرایە .لڤێرە مە دڤێت باسێ ڤەکێشا هێزێت ئەمریکا ل سوریێ وب مانایا رادەست کرنا کوردان بو تورکیایە کو بازرگانیەکا سەرکەفتی ئەمریکا دگەل تورکیا کری یە وبابەتێ مەزی هەر ئەوێ رامانێ ددەت کو ئەمریکا وچوار قولیا هەرێمی کو ئەمریکا خو ب دوستێ لێقەوماو هەژار وبێ دەستهەلاتا ددانیت لێ بەروڤاژی داخویانییێن وانان دهێنە خویا کرن کو بتنێ ئەمریکا بەرژەوەندیێن خو دپاریزیت ونە ملکە بو کەسێ وهەمی وەلاتێن بەرژەوەند خواز بتنێ خو دڤێت وکار دکەن بو خو بتنێ.بو نمونە لدەمێ ئەمریکا عیراق داگیر کری ناڤ لسەر خو دانا کو قورتالکەرا وەلاتییێن سڤیل وبێ گونەهە چەوان عیراق گرت ئێکسەر خو کرە داگیر کەر ونمونا دی دەمێ بویەرێن (**16**)دروست بوین ب پلانا بریتانیا وسەرپەرشتی یا ئەمریکا وبێ دەنگیا روسیا ئەڤ داگیرکرنە دروست بو ودوزا کوردان دەهان سالان پاشڤە بر وزور هەلویستێن دی .لداوی یێ دێ بێژم بێ گومان هەر دەرەکی دەرمانەک هەیە وهەر پرسگرێکەکێ چارەیەک هەیە ودیروکێ دایە دیار کرن کو ب ئێک گرتنێ تو دشیێە مەزنترین هیز و دێ کونترولێ لسەر کوما قەیران وپرسان کەی و ب یەکگرتنێ ئیرادا تە دێ ب سەرکەڤیت. دئێک ژ هوزانێن خو دا بەدرخان سندی (گەر قەیسەر وخەلیفە چون نێچیرێ دڤێت ئەم کورد خەزال وپەز کویڤی بین وگەر ترک وروس ب شەر هاتن دڤێت ئەم کورد هەر پێش لەشکەری بین . ئێککرتی بن کورد ئاڤەدان وئارام بیت کوردستان وبلند بیت ئالا کوردی وسەرکەفتی بیت پێشمەرگێ قەهرەمان.

پۆلیسی هەولێر: شەڕە چەقۆ لە بەردەم فامیلی مۆڵ ڕووی نەداوە



گوتەبێژی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر، هەواڵی ڕوودانی شەڕە چەقۆ لە بەردەم فامیلی مۆڵی هەولێر ڕەت دەکاتەوە. شەوی 31-2019/1/1 لە چەند پەیجێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا گرتە ڤیدیۆیەک بڵاو کرایەوە، لەسەر ڤیدیۆکەشدا ئاماژە بەوە درابوو، کە لە بەردەم فامیلی مۆڵی هەولێر شەڕە چەقۆ ڕووی داوە و کەسێک گیانی لەدەست داوە و دوو کەسیش بریندار بوونە. لەمبارەیەوە دوێنێ سێشەممە 2019/1/1 ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر بە باسنیوزی ڕاگەیاند: هەواڵی لەو شێوەیە دوورە لە ڕاستییەوە و شەڕە چەقۆ لە بەردەم فامیلی مۆڵ ڕووی نەداوە، چەند پەیجێک ئەو هەواڵە ناڕاستەیان بڵاو کردووەتەوە.

خەڵکی شنگال.. شەوان مەترسیی داعش و بە ڕۆژیش هی حەشدیان لەسەرە



شنگال پڕە لە هێز و لایەنی سیاسی، کەچی تا ئێستاش ڕەوشەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە لەوپەڕی خراپیدایە. فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێت، بە شەوان مەترسیی داعش و بە ڕۆژیش مەترسیی حەشد لە سەر خەڵکی شنگال هەیە.

شنگال، ئەو شارەیە کە بووەتە قوربانیی ململانێی لایەنە سیاسییە ناشەرعییەکان و ڕۆژانە خەڵک باجەکەی دەدەن.

هەموو ڕۆژێکیش هێزە نایاساییەکان پێشلکاری بەرامبەر خەڵکی ئەو شارە دەکەن.

لەو بارەیشەوە، قاسم شەشۆ، بەرپرسی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوت: لە سنووری شنگال، بەتایبەت لە ناوچەی بەعاج و سنووری سووریا، کە لە ڕۆژئاوای شاری شنگالە، داعش لە خۆڕپکخستنەوەدایە.

شەشۆ دەڵێ: بە پێی زانیارییەکانمان شەوان داعش لە چەندان ناوچەی سنووری بەعاج بالادەستە، بە ڕۆژیش خەڵک لە حەشدی شەعبی دەترسن، چونکە سەرانە لە خەڵک وەردگرن و حەشدی عەشایيرین.

شەشۆ گوتیشی: ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕەوشی شنگال بەرەو خراپتر دەڕوات، چونکە ئەو هێزانە ڕۆژانە خەڵک سزا دەدەن و خەڵک لێیان بێزار بووە و بەرگەیان ناگرن. خەڵک چاوەڕێی گەڕانەوەی پێشمەرگەن.

دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی2017 شنگالیش یەکێک بوو لەو ناوچانەی کەوتە بەر هەڕەشەکانی حەشد، لەو کاتەوە تا ئێستا ڕەوشی ئەو شارە ناجێگیرە.

دوو گەنج لە قەڵادزێ بەر تەقینەوەی مین کەوتن



دوو گەنجی گوندی چەکوانی سەر بە ناحیەی ئیسێوە لە سنووری قەزای پشدەر بەهۆی تەقینەوەی لوغم لە سەر ڕووباری هەرزنێ برینداربوون و بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی قەڵادزێ کران.

ئیدریس عومەر بەڕێوبەری کارگێڕی ئێشکگر لە نەخۆشخانەی شەهیدانی نوێی قەڵادزێ بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند، ئەو دوو گەنجە یەکێکیان قوتابیە و ئەوی دیکەیان کاسبکارە و تەمەنیان 18 ساڵ و 20 ساڵین، لەکاتی دەستکاریکردنی لوغم لە سەر ڕووباری هەرزنێ بریندار بوون و بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی قەڵادزێ کران.

ئیدریس عومەر بەڕێوبەری کارگێڕی ئێشکگر لە نەخۆشخانەی شەهیدانی نوێی قەڵادزێ بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند، ئەو دوو گەنجە یەکێکیان قوتابیە و ئەوی سلێمانی گوازراوەتەوە. شارەدێی ئیسێوە لەسنوری پشدەر ناوچەیەکی سنوریە لەگەڵ ئێران، لەماوەی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق لە ساڵی 1980-1988 هەریەک لەعێراق و ئێران بەسەدان هەزار لوغمی جۆراوجۆریان لەسەر سنورەکانیان چاندووە، تاکو ئێستاش بەشێک لە ناوچە سنوریەکان لە لوغم پاک نەکراونەتەوە و مەترسیان بۆسەر ژیانی خەڵک هەیە.

شەش ڕێنمایی گرنگ بۆ شۆفێری کردن لەکاتی باران بارێندا



شۆفێری کردن لە کاتی باران بارێندا وەک لە کاتەکانی تر ئەستەم ترەو پێویستی بە شارەزایی و هونەری زیاترە بۆ دەربازبوون لە ڕووداوەکانی هاتووچۆ بۆیە ئێمە لێرەدا شەش ڕێنمایی دەخەینە بەردیدی بەڕێزتان بۆئەوەی جێبەجێی بکەن و بەو هیوایەی بە دوورین لە ڕووداوەکانی هاتووچۆ.

1- بیرت بێت زۆرجار زۆرێک لە شۆفێرەکان بە بێ ئاگای شۆفێری دەکەن، وە کاتێک باران دەبارێت ناتوانن واز لە بیرکردنەوەکانیان بهێنن یان بیرکردنەوەکانیان بۆ ڕێک ناخرێت بۆیە کاتێک بارودۆخ گوونجاو نەبوو شۆفێرەکان پێویستە زۆر بەئاگابن بۆئەوەی ئامادەباش بن بۆئەو شتانەی کە ڕووددەدن لە چواردەوریان.

2- پێویستە لایەکانی ئوتومبیلەکەت دابگیرسێنیت لەکاتی کەمبوونەوەی ئاستی بینین بەهۆی باران بارینەوە. هەروەها پێویستە فلچەی جامەکانت کار بکەن و ئەگەر کێشەیەک هەبوو لە لاستیکەکەی یان ئامێرەکەدا بەزووترین کات بگۆڕدرێت.

3- ئاگاداری خلیسکاندن بە. ئەمە ڕاستییەکە کە لەکاتی باران بارێندا لێخشاندنی تایەکان لەگەڵ ئاودا زیاتر دەبێت وەک لە جادەکە، ئەمەش ئەبێتە هۆی خلیسکاندنی سواررەوەکە بەبێ ئەوەی بتوانی کۆنترۆڵی بکەیت، لە کەشی باران بارێندا خلیسکان ئەگەری زۆرە ڕووبدات، بۆ ئەم حاڵەتە لە تەنها 27 میللی لیتر باران و ڕۆشتن بە خێرایی 60 کلم لە کاتژمێرێکدا ڕوو دەدات، ئەگەر ئەم حاڵەتە ڕووبدا تەنها لەسەرخۆبە و ستێرنی سوکان ئوتومبیلەکە بە تووندی بگرە و هێواش هێواش پێ بنێ بە پایەدەری ستۆپدا تا دووبارە کۆنترۆڵی ئوتومبیلەکەت دەکەیتەوە.

4- دیاریکردنی خێرایی (تحدید سرعە Cruise control) لەکاتی باران و بەفردا بیکوژێنەرەوە چونکە دیاریکردنی خێرایی لەم کاتانەدا وا دەکات کە کۆنترۆڵی ئوتومبیلەکەت لە دەست بدەیت، لەوانەیە تۆ وابیربکەیتەوە کە هاوکاریت دەکات و لەخێرایەکی دیاریکراودا دەتهێڵێتەوە، بەڵام ئەگەر ئوتومبیلەکەت بخلیسکێت و دیاریکردنی خێراییت کار پێکردبێت لەم کاتەدا ئوتومبیلەکەت خێراتر دەبێت و ڕەنگە زیانەکان زۆر زیاتر بکات.

5- خێراییەکەت کەم بکەرەوە، هێماکانی دیاریکردنی خێرایی بۆ بارودۆخی جیاجیا دانراون، کاتێک ئاستی بینین باشە و شەقامەکە قەرەباڵغ نییە مانای ئەوە نییە خێرا بڕۆیت چونکە لەکاتی باران بارێندا پێویستت بە ماوەیەکی زیاتر ئەبێت بۆ وەستاندنەوەی ئوتومبیلەکەت، بیرت بێت تا هێواشتر شۆفێری بکەیت سەلامەتتردەبیت و لەکاتی ڕووداوێکی نەخوازراودا زیانەکان کەمتر دەبن.

6- پێویستە بەردەوام ئاگاداری ئوتومبیلەکەت بیت کە هیچ کێشەیەکی مەرجەکانی تووندوتۆڵی تیادا نەبێت، تا ئوتومبیلەکەت بێ کێشەتر بێت ژیانت پارێزراوتر دەبێت.

بەیاننامەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی هەرێمی کوردستان لەبارەی ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر عیسا سەلامی خوای لەسەر

لەکاتێکدا کە زۆربەی وڵاتانی جیهان یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر عیسا - سەلامی خوای لەسەر- دەکەنەوە، جیهانیش بەگشتیی لەخۆ ئامادەکردن بۆ پێشوازیی لەهاتنی ساڵێکی نوێی زایینی ، وەک هەمیشە سالانە لێرەو لەوێ چەند دەنگێکی ناساز بەرز دەبنەوە ، لەبری باسی پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لەپەیڕەوکارانی ئاینیی مەسیح و قەبوڵکردنی بەرامبەر ، دەست دەکەن بەهێرشکردنە سەر بۆنەی هاوڵاتییانی مەسیحی بەچەندین دەستەواژەو وشەی بریندارکار کە پێش هەر شتێک پێچەوانەی ڕۆح و ناوەڕۆکی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە.

دواتریش ئەو دەنگە ناسازانە، قسەکانی مەهدی ئەلسومەیدەعی بەناو موفتی وڵاتی عێراق بوو، کەلە لێکدانەوەیەکی فەتوا ئاسادا لێدوانێکی دژ بەخۆشیی دەربڕین بەیادی لەدایکبوونی عیسای پێغەمبەر ژ سەلامی خوای لەسەر- و، دژ بەئاهەنگەکانی سەری ساڵی زایینی دا، کەلەهەمان کاتیشدا قسەکانی دژ بەبنەماکانی عەقڵ و لێبوردەیی ئایینی بوون.

ئێمە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی هەرێمی کوردستان، لەڕووانگەی باوەڕی پتەومان بە ئازادییە ئاینییەکان و ، بە بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ئایینداران و ، پارێزگاریکردن لەئاسایشی کۆمەڵایەتیی و، پاراستنی مافی پێکهاتە ئیتنی و ئاینییەکانەوەو، بەپشت بەستن بەئەزموونی دێرین زەمانی سەرکەوتووی پێکەوەژیانیی ئاشتییانەی ئاینەکان لەکوردستان و ، ئەو یاساو ڕێنماییانەی لەم بارەیەوە کاریان پێدەکەین ، بەتوندی دژی لێدوانەکانی ناوبراوین وە ئەم جۆرە بۆچونە هەڵانە بەتەواوەتی وەک بۆچونی گرووپی دەرندی داعشە بۆیە داواش دەکەین ڕێکاری یاسایی لەبەرامبەردا بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی چی دی ئەم جۆرە کەسانەو ئەم جۆرە فەتوا نازانستییانە شیرازەی کۆمەڵگە لەبەر یەک هەڵنەوەشێنن و ، بۆنەو یادەکانی هەر پێکهاتەیەک لەدەربڕینی خۆشییەوە نەگۆڕن بۆ نانەوەی شەڕی تائیفی و فەوزای ئاینیی. هەر لەم بارەیەشەوە دەستخۆشیی لەو دامو دەزگاو دەستە فەرمییە ئاینییانەی عێراق دەکەین کە خێرا هاتنە سەر خەت و بەرائەتی خۆیان پێشاندا لەوتەکانی ناوبراو ، ڕوونیان کردەوە کە وتەکانی ناوبراو تەنها گوزارشت لەتاکی خۆی دەکات نەک پێکهاتە ئاینیی و مەزهەبییەکەی.

خوای گەورە ساڵی نوێ بکاتە ساڵی زیاتری خێرو خۆشیی بۆ تەواوی مرۆڤایەتیی.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی هەرێمی کوردستان
هەولێر - 2018/12/29

کار و چالاکییێن هاتن و چوونا شێخان ل سالا 2018

خەبات -ئالان شەهاب: بەرپرسی بەشێ ڕاگەهاندنا هاتن و چوونا قەزا شێخان ب خەبات ڕاگەهاند ئامارا ڕویدانێن هاتن وچوونێ و دگەل قوربانی یا و کار و چالاکی یا ل سالا 2018 لێگدان 52 وەرگەریان 12. لێدان دهس (15) سوتن (1)سەرجەم (89)ڕویدان و بەراورد دگەل سالا پار کو سالا بوری (128) ڕویدان هاتینە تومار کرن هەلبەت بەرەف کێم بونێ قە چویە قوربانیێن ڕویدانا. ژمارا بریندارا (120) بریندارن ڕەگەزێ نێر (79) و ڕەگەزێ مێ (41) و پار سال (173) کەس بریندار ببون هەلبەت بەرەف کێم بونێ یە ژمارا ئەو کەسێن گیانێ خو ژدەست دای د ئەف سالەدا (11) کەسا گیانێ خو ژ دەست دایە ژ وان ژی ڕەگەزێ نێر (8) و ڕەگەزێ مێ (3) و پار سال (21) کەسا گیانێ خو ژ دەست دابو هەلبەت بەرەف کێم بونێ یە. ژمارا کەسێن بێ دەستیریا هاژوتنێ ئەوێن هاتینە دەستەسەرکرن و بو دادگەهێ هاتینە ڕەوانەکرن ژمارا وان (229) کەس بون ژ وانا ژی (3) سنیلە بون و (6) کەس ژی شوفێرێن ماتورسکلا بون د بێ دەستیری بون. ئەو کەسێن ترومبێلێن خو د دەنە دەستێ کەسەکێ دی ژمارا وان د ئەف سالەدا (147) کەس بون کارو حکوومەتیش ڕەزامەندی دەربڕیوە بۆ جێبەجێکردنی55 پرۆژە بۆ ساڵی 2019.

ئاشکراشی کرد، شارەوانی سلێمانی لەسەر بودجەی ئاسایی خۆی و بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکان توانوویەتی پرۆژەی چاکسازی لەشەقامەکان ئەنجام بدات، بۆ ئەم مەبەستەش کارگەی قیڕی شارەوانیمان 26 هەزار تەن قیری بەرهەم هێناوە.

جەختیشی لەوە کردەوە، کە شارەوانی سلێمانی بە هەماهەنگی کەرتی تایبەت لە بەشی ڕۆژهەلاتی شارەکەدا گەورەترین گۆڕستان بنیات دەنێت کە سەرجەم پێداویستییەکانی وەک کارەبا و ئاو ڕێگەی بۆ دیاری کراوە کارەکانی لە قۆناغی کۆتایدایە و هەوڵ دەدرێت لە بەشی ڕۆژئاوای شارەکەش هەمان پرۆژە لە ساڵی2019 جێبەجێ بکرێت و هیچ گۆڕێکی ناو شار ناگوازرێتەوە بۆ گۆڕستانە نوێیەکان.

دەبارەی پرۆسەی دابەشکردنی زەوی بەرپرسەکی شارەوانی سلێمانی گوتی: شارەوانی بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان بەردەوامە لە دابەشکرنی زەوی بەسەر چین و تۆێژەکان لە ساڵی 2018دەشدا122 پارچە زەوی بەسەر خانەوادەی شەهیدان و کەمئەندامان دابەشکراوە و 84 زەوی بەسەر پیشەوەران و 77 زەویش دراوەتە پیشەوەران و وەبەرهێنەران.

www.xebat.net
چوارشەممە 2018/1/2 ژمارە (5663)

کەرکووکی: دەبێت پرۆسەی داگیرکاری کۆتایی بێت
جوان: زۆرینە دژی لادانی ڕێبوار تاڵەبانییە



ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بڕیاریان لەسەر لەکارلادانی ڕێبواری تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا دەکرد، لایەنەکانی کەرکووکیش پشتیوانی لە سەرۆکی ئەنجوومەن دەکەن و داوای ئاساییکردنەوەی ڕەوشی شارەکەیان دەکەن، ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش دەڵێ، زۆرینەی لیستی برایەتی دژی ئەو ڕێککەوتنەن.

جوان حەسەن، ئەندامی لیستی برایەتی، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، گوتی: دوێنێ ڕێککەوتنێک لە نێوان یەکێتی و لایەنی عەرەبی و تورکمانیی نێو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کراوە بۆ ئەوەی ئەنجوومەن دابمەزرێت، بەڵام تائێستا هیچ لایەنێک فەرمی ئەو هەواڵەی پشتڕاستنەکردووەتەوە.

دوێنێ سێشەممە 2019/1/1 بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ئاماری سەرجەم ڕووداوەکانی ساڵی 2018ی لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین ڕاگەیاند. بەپێی ئامارەکان 128 کەس گیانیان لەدەستداوە و955 کەسی دیکەش بریندارببوون.

پۆستەکەی دوور بخرێتەوە و کەسێکی یەکێتی لە شوێنەکەی بکرێتە سەرۆکی ئەنجوومەن، ئەوانەیشی لەگەڵ ئەو بڕیاردەدان و ئیمزایان کردووە، ژمارەیان 21 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە.

لای خۆشییەوە، عیرفان کەرکووکی، سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ڕەوشی کەرکووک پێویستی بە ئاساییکردنەوە هەیە و دەبێت پرۆسەی داگیرکاری کۆتایی بێت، هەر کاتێک ئێمە بگەڕێینەوە کەرکووک، هەموو ئەو بڕیارانەی لە سەردەمی داگیرکاریدا دراون، هەڵدەوەشێنینەوە.

کەرکووکی ئەوەشی خستە ڕوو: پێویستە لایەنە سیاسییەکانی کەرکووک یەکەهەڵوێست بن بۆ چارەنووسی شارەکەیان و ناکرێت ئێمە ڕادەستی ئەو هەوڵە نەزۆکانەی ئێستا ببین، کە دژی هەندێ کەس و لایەنی سیاسیی شارەکە دەدرێن.

جوان حەسەن، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، کە دوێنێ بەشداریی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کردووە لە کەرکووک، دەڵێت: زۆرینەی لیستی برایەتی دژی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان یەکێتی و تورکمان و عەرەبن، بە دووریشی دەزانم سەر بگرێت، چونکە ڕێککەوتنەکە کراوەتە نووسراو بۆ ئەوەی ئەنجوومەن لە کۆبوونەوەی داهاتوودا دەنگی لەسەر بدات، بەڵام هەندێ ئەندام هەیە لە کەرکووکە، بەڵام دوو ساڵە نەهاتووەتە ئەنجوومەن و یەک کەسیش لەو 21 ئەندامە ئامادە نەبێت، ڕێژەی یاسایی تەواو نابێت.

پۆلیسی هەولێر، ئاماری ڕووداوەکانی ساڵی 2018ی بڵاو کردەوە



بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر، لە پریسکۆنفرانسێکدا، ئاماری گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵی 2018ی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن خستە ڕوو.

سەعات 10:30ی بەیانیی ئەمڕۆ 2018/12/30 لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، پریسکۆنفرانسێک بۆ ڕائید هۆگر عەزیز، وتەبێژ و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر ساز کرا و، تێیدا گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵی2018 بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن خرانە ڕوو، کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

کەیسی کوشتنی پیاوان:
44 کەیس.
41 کەیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان ڕەوانەی دادگا کراون.
3 کەیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە.

کەیسی خۆکوشتن:
34 کەیس.
24 کەیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان ڕەوانەی دادگا کراون.
10 کەیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە.

کەیسی خۆسووتاندن:
22 کەیس.
16 ئافرەت.
6 پیاو.

کەیسی کوشتنی ئافرەت لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی:
21 کەیس.
20 کەیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان ڕەوانەی دادگا کراون.
1 کەیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە.

کەیسی دزیکردنە گەورەکان:
198 کەیس.
174 کەیسی دزیی گەورە پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان ڕەوانەی دادگا کراون.
24 کەیسی دزیی گەورە پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە.

کەیسی لێدان و شەڕکردن:
849 کەیس.
782 کەیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان ڕەوانەی دادگا کراون.
67 کەیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە.

کۆی گشتی:
3653 کەیس.
3330 کەیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان ڕەوانەی دادگا کراون.
323 کەیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە.

شیعەکانی دەگەڕێنەوە شنگال و دەستیان بە نۆژەنکردنەوەی سێ لە هەشت مەزارە شیعییەکە کردووە



لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە، قسەی شیعەکانی شنگال بەهۆی پاڵپشتی میلیشیاکان بەسەر مەزهەب و پێکهاتەکانی دیکەدا زاڵ بووە. ئەوان دەستیان بە نۆژەنکردنەوەی سێ لە هەشت مەزارە شیعییەکەی سنووری شنگال کردووە. هەفتەی ڕابردووش شیعەکانی شنگال بوونە هۆی سەرهەڵدانی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە شنگال و دوو کەسیان لێ بریندارکران.

سەید مەحمود ڕەزا کەسایەتیی شیعەمەزهەب لە شنگال و نوێنەری شیعەکانی شنگال دەڵێت، زیاتر لە800 ساڵە لەگەڵ ئێزدی و سوننەکان لە شنگال دەژین و هیچ کێشەیەک لە نێوانماندا نەبووە، بەڵام لەدوای پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال لە ئابی2014 دەستکرا بە تێکدانی پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی لە شنگال.

کاتێک داعش پەلاماری شنگالی دا زیاتر لە6000 کوردی ئێزدی ڕفاند و زۆربەی پیاوەکانی کوشتن، وەکو کەنیزەکیش مامەڵەی لەگەڵ ئافرەتەکانیان کرد. چەکدارانی داعش دەستیان گەیاندە مەزاری ئاینیی پێکهاتەکانی ئەوێ و27 مەزاری ئێزدییەکان و8 مەزاری شیعەکانیان تەقاندنەوە.

بەشێک لە ئێزدییەکان هەوڵ دەدەن، شنگال بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، چونکە پێیانوایە لەدوای پەلامارەکەی داعش ئیدی ناتوانن لەگەڵ عەرەب و کورد بژین، بەڵام زۆربەی ئێزدییەکان ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن ئەوان بە هەموو ڕەگەزنامەیەک ئێزدین و ناتوانن لە خاکی خۆیان دابڕێنرێن.

شارەکە کەوتە دەست میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، هەرزوو بەرپرسە ئیدارییەکانیان لادا و چەند کەسێکی نزیک لە خۆیان دانا.

ئێستا شیعەکانی شنگال بەهێزەوە گەڕاونەتەوە شنگال. سەید مەحمود دەڵێت نزیکەی ساڵێکە بەشێک لە شیعەکان گەڕاونەتەوە شنگال ئێستا نزیکەی 500 شیعە گەڕاونەتەوە سەنتەری شنگال، لەسەر خەرجیی خۆمان و مەرجەعیەتی ئەم ناوچەیە دەستمان بە نۆژەنکردنەوەی مەزارەکانمان کردووە، یەکەم مەزار کە نۆژەنمان کردەوە مەزاری سەیدە زەینەب بوو، شوێنێکی پیرۆزە و مەراسیمەکانمان لەوێ بەڕێوەدەبەین، جگە لەوەش دەستمان کردووە بە نۆژەنکردنەوەی دوو مەزاری دیکە.

بەپێی ئامارەکان 70%ی دانیشتوانی شنگال کوردی ئێزدین، 20%یان کوردی موسڵمانن شیعە و سوننە، 10%عەرەب و کریستیان و تورکمانن. لەدوای ڕزگارکردنی شنگال لە دەست چەکدارانی داعش، تەنیا 15%ی دانیشتوانەکەی گەڕاونەتەوە و زۆربەیان هێشتا لە کەمپەکانی دهۆک دەژین.

مەحما خەلیل، قایمقامی قەزای شنگال کە کوردی ئێزدییە، دەڵێت ڕاستە زۆربەی دانیشتوانی شنگال ئێزدین، بەڵام شنگال شارێکی فرەڕەنگە، موسوڵمان و عەرەب و کریستیان لەوێ هەن و سەدان ساڵە بەیەکەوەن.

سەبارەت بە گەڕانەوەی شیعەکان بۆ شنگال، مەحما خەلیل دەڵێت :هەر کەسێک خەڵکی ڕەسەنی شارەکە بێ و دەستی لەگەڵ داعش تێکەڵ نەکردبێ مافی خۆیەتی بگەڕێتەوە، جا سەر بە هەر پێکهاتە و ئایینێک بێ.

پارێزگەها دهۆکێ ئاگەهداریان بەلاف کر



دەقەرێن کوردستانێ دا باری، ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ و ل سنورێ قەزا (ئامێدێ) پێلەکا زور یا بەفرێ باریە چونکە ئەو دەقەرە یا چیای یە و هەمو سالان بەفر ل وێ دەقەرێ د باریت.

هەمان بەرپرسی ئەو چەندە ژی بو (باسنیوز) دوپاتکر: ژ شڤێدی تا ئەڤرۆ و ئەڤێ خولەکێ بەفر بارین ل سنورێ قەزا ئامێدێ یا بەردە وامە لەورا ئەم ئاگەهداریا هەمو شوفێران دکەین ئەڤرۆ زوی ب زوی هاتن و چوونێ ل وێ دەقەرێ ئەنجام نەدەن.

ناڤهاتی ئەو چەندە ژی ژ ئەگەرێ وێ پێلا بەفرا د ماوێ (24) دەمژمێرێن بوری دا ل چەندین هەرێما کوردستانێ دا گرتی، ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ و چەندین دەقەران بەفرەکا زور هاتیە و بویە ئەگەر کو ڕێڤە بەربا هاتن و چوونا پارێزگەها دهۆکێ ئاگەهداریان بەلاف بکەت.

موقەدم ئازاد تاها، بەرپرسێ ڕاگەهاندنا ڕێڤەبەریا گشتی یا هاتن و چوونا پارێزگەها دهۆکێ بو (باسنیوز) دا دیارکرن: ژ ئەگەرێ وێ پێلا بەفرا د ماوێ (24) دەمژمێرێن بوری دا ل چەندین بەهڕیووە و ڕێگای چەندین گوند داخراون. لە شەوی ڕابردووەوە شەپۆلێکی بەفرباری سنووری پارێزگای دهۆکی گرتووەتەوە و لە هەندێک ناوچە بەهۆی بەفرباری زۆر ئاستەنگ بۆ هاتووچۆی هاووڵاتیان دروستبووە.

داعش لە سنووری خانەقین هێرشی کرد

شەوی ڕابردوو چەکدارانی داعش هێرشی سەر گوندی شێرکی سەر بە قەزای خانقینیان کرد و کارگەیەکی چەو و لەمیان سوتاند و ترس و نیگەرانیش لەناو خەڵکی ناوچەکە بڵاوبووەتەوە.

لەمبارەیەوە سەرچاوەیەکی لیوای 3ی هێزەکانی پێشمەرگە بەکوردستان 24ی ڕاگەیاند، زیاتر لە 20 چەکداری داعش چونەتە ناو گوندی قایە و دواتر لەو گوندەوە هێرشی سەر گوندی شێرکی سەر بە قەزای خانقینیان کردووە و کارگەیەکی چەو و لمیان لەو گوندە سوتاندووە.

سەرچاوەکەی لیوای 3ی هێزەکانی پیشمەرگە ئاماژەی بەوەش کرد، وێڕای ئەوەی چەکدارەکان بە ژمارەیەکی زۆرەوە هێرشەکەیان ئەنجامداوە و بەبەرچاوی خەڵکی ناوچەکەوە سوڕاونەتەوە، بەڵام هێزە عێراقییەکان هیچ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر ئەو هێرشە نەبووە، ئەمەش بوەتە هۆی بڵاوبوونەوەی ترسێکی زۆر لەناو خەڵکی ناوچەکە.

لەدوو ڕووداوی جیا لە سنووری پارێزگای سلێمانی؛ سێ کەس گیانیان لەدەستدا



لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا لە ڕانیە، کەسێک گیانی لەدەستدا و چوار کەسی دیکەش بریندارببون. گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانیش دەڵێت، لە ڕێگەی تاسلوجە – سلێمانی دوو کەسی دیکە گیان لەدەستداوە. شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، بەردەبەیانی سەری ساڵی تازە و بەدیاریکراوی لە کاژێر 01:30ی ئەمڕۆ 2019/1/1 لە ڕانیە ئۆتۆمبێلێک کە پێنج کەسی تێدابوو، وەرگەڕا، بەهۆیەوە کەسێک گیانی لەدەستدا، کە تەمەنی 16 ساڵە و دانیشتووی قەزای ڕانیە بووە، چوار کەسی دیکەش بریندارببونە کە بریندی یەکێکیان سەختەو ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کراوە.

گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین گوتی: ئۆتۆمبێلەکە لە جۆری پیکاپ تێژبوو و بەهۆی خێرایی لێخوڕین کۆنترۆڵی خۆی لەدەستداوەو وەرگەڕاوە.

لەبارەی ڕووداوی دووەم کاروان محەمەد، گوتەبێژی هاتووچۆی سلێمانی بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: کاژێر 11:00ی شەوی 31-1/ 2019لە ڕووداوێکی هاتووچۆ لە ڕێگەی تاسلوجە – سلێمانی دوو کەس بە ڕووداوێکی هاتووچۆ گیان لەدەستداوە. بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، ئەو دوو کەسەی دیکەش کە گیان لەدەستداوە خەڵکی ڕانیەن، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ لایەنێکی فەرمی ئەو هەواڵەی پشتڕاستنەکردووەتەوە. دوێنێ سێشەممە 2019/1/1 بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ئاماری سەرجەم ڕووداوەکانی ساڵی 2018ی لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین ڕاگەیاند. بەپێی ئامارەکان 128 کەس گیانیان لەدەستداوە و955 کەسی دیکەش بریندارببوون.

بەفر دەروازەیەکی سنووری هەرێمی کوردستانی داخست



بەهۆی بەفرباری ڕێگای دەروازەی سنووری سەرزێ، کە هەرێمی کوردستان و باکووری کوردستان پێکەوە دەبەستێتەوە داخرا. سەربەست ئاکرەیی، بەڕێوەبەری ناحیەی کانی ماسی بە کوردستان 24 ڕاگەیاند: لە دەروازەی سنووری سەرزێ 110 سم بەفر باریووە و بەوهۆیەوە ڕێگای دەروازەکە داخرا. گوتیشی: تیمەکانی ڕامالینی بەفر بەردەوامن بۆ کردنەوەی ڕێگاکە. شەمال بەرچی، پەیامنێری کوردستان 24 ڕاشیگەیاند: لە دەقەری ئامێدی 50 بۆ 65 سم

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە٦٨٩٠/٦
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٢٦
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی تەواوی مولکی ژمارە (٤٠/١٤٣٨ ك ٤٤ وارش) لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا کە تۆمارە بەناوی (شرکة دبی للمقاولات العامة المحدودة) لەجیاتی بری پارەی قەرز کە تەواوی مولکەکە خەملێندراوە بەبڕی ٧٢٠,٠٠٠,٠٠٠ حەوت سەدو بیست ملیۆن دینار وە تەواوی زانیاریەکان لەسەر مولکەکە لە خوارەوە هاتووە هەر کەسێک ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لەڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە زیادکردنەکە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لەکاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ.
بۆ زانین کڕیار دەبێت ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت وە (١٠٪)ی نرخی خەملێندراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنێ و ڕسومی تۆمارکردن لەسەر کڕیارە.
ناوی خاوەن قەرز (مصرف الخليج التجاري)
ناوی خاوەن مولک قەرزار (شرکة دبی للمقاولات العامة المحدودە)
ژمارەی مولک (٢٧١/٢١٧ ك ٥ عنکاوە)
شوێنی مولک (گەڕەکی بەختیاری)
ڕووبەری مولک (٢٠٠م٢)
جوری مولک (مۆڵکی تەواو- خانووی نیشتە جێ)
پێکهاتەی (لەیەک ژوورو مطبخ و حمام و مرافق لە خوارەوە، وە دوو ژوورو حمام و مرافق لەسەرەوە لەبلۆک و کونکریت دروستکراوە)
هێور محمد احمد
بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە٦٨٨٨/٦
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٢٦
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی تەواوی مولکی ژمارە (٢٧١/١٣٩ ك ٥ عنکاوە) لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا کە تۆمارە بەناوی (شرکة دبی للمقاولات العامة المحدودة) لەجیاتی بری پارەی قەرز کە تەواوی پشکەکە خەملێندراوە بەبڕی ٧٨٠,٠٠٠,٠٠٠ حەفت سەدو هەشتا ملیۆن دینار وە تەواوی زانیاریەکان لەسەر مولکەکە لە خوارەوە هاتووە هەر کەسێک ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لەڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە زیادکردنەکە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لەکاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ.
بۆ زانین کڕیار دەبێت ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت وە (١٠٪)ی نرخی خەملێندراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنێ و ڕسومی تۆمارکردن لەسەر کڕیارە.
ناوی خاوەن قەرز (مصرف الخليج التجاري)
ناوی خاوەن مولک قەرزار (شرکة دبی للمقاولات العامة المحدودە)
ژمارەی مولک (٢٧١/٢١٧ ك ٥ عنکاوە)
شوێنی مولک (گەڕەکی بەختیاری)
ڕووبەری مولک (١٠٠م٢)
جوری مولک (مۆڵکی تەواو- خانووی نیشتە جێ)
پێکهاتەی (لەیەک ژوورو مطبخ و حمام و مرافق لە خوارەوە، وە دوو ژوورو حمام و مرافق لەسەرەوە لەبلۆک و کونکریت دروستکراوە)
هێور محمد احمد
بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە٦٨٨٨/٦
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٢٦
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی تەواوی مولکی ژمارە (٢٧١/١٣٩ ك ٥ عنکاوە) لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا کە تۆمارە بەناوی (شرکة دبی للمقاولات العامة المحدودة) لەجیاتی بری پارەی قەرز کە تەواوی پشکەکە خەملێندراوە بەبڕی ٧٨٠,٠٠٠,٠٠٠ حەفت سەدو هەشتا ملیۆن دینار وە تەواوی زانیاریەکان لەسەر مولکەکە لە خوارەوە هاتووە هەر کەسێک ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لەڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە زیادکردنەکە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لەکاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ.
بۆ زانین کڕیار دەبێت ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت وە (١٠٪)ی نرخی خەملێندراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنێ و ڕسومی تۆمارکردن لەسەر کڕیارە.
ناوی خاوەن قەرز (مصرف الخليج التجاري)
ناوی خاوەن مولک قەرزار (شرکة دبی للمقاولات العامة المحدودە)
ژمارەی مولک (٢٧١/١٣٩ ك ٥ عنکاوە)
شوێنی مولک (گەڕەکی بەختیاری)
ڕووبەری مولک (٢٠٠م٢)
جوری مولک (زەوی بەتاڵ- مۆڵکی تەواو)
هێور محمد احمد
بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە٦٨٨٧/٦
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٢٦
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی تەواوی پشکی کۆمپانیا لە مۆڵکی ژمارە (٢٧١/٢١٧ ك ٥ عنکاوە) لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا کە تۆمارە بەناوی (شرکة دبی للمقاولات العامة المحدودة) لەجیاتی بری پارەی قەرز کە تەواوی پشکەکە خەملێندراوە بەبڕی ١٢٠,٠٠٠,٠٠٠ سەدو بیست ملیۆن دینار وە تەواوی زانیاریەکان لەسەر مولکەکە لە خوارەوە هاتووە هەر کەسێک ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لەڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە زیادکردنەکە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لەکاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ.
بۆ زانین کڕیار دەبێت ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت وە (١٠٪)ی نرخی خەملێندراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنێ و ڕسومی تۆمارکردن لەسەر کڕیارە.
ناوی خاوەن قەرز (مصرف الخليج التجاري)
ناوی خاوەن مولک قەرزار (شرکة دبی للمقاولات العامة المحدودە)
ژمارەی مولک (٢٧١/١٣٩ ك ٥ عنکاوە)
شوێنی مولک (گەڕەکی بەختیاری)
ڕووبەری مولک (٢٠٠م٢)
جوری مولک (مۆڵکی تەواو- خانووی نیشتە جێ)
پێکهاتەی (لەیەک ژوورو مطبخ و حمام و مرافق لە خوارەوە، وە دوو ژوورو حمام و مرافق لەسەرەوە لەبلۆک و کونکریت دروستکراوە)
هێور محمد احمد
بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی چێ بەچێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٨/٣٨٢٨
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١١/٢٦
ئاگادارى
بۆ/ قەرزار/ کاتب حکمت محمود
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (نوزاد نجم الدین شریف) کە بڕی (١٢٧,٢٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بەرامبەر. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ احمد محمد فرزی

***

زانکۆی هەولێری پزیشکی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی
ئاگاداری کەمکردنەوە
ژمارە (٤)
سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیا دەکات بۆ بەشداریکردن لەکەم کردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی (کڕینی چەند ئامێرو پێداویستی پزیشکی بۆ تەواوکردنی تاقیگەی DNA بۆ سەنتەری توێژینەوەی پزیشکی) سەر بەزانکۆکەمان نرخی تەندەر (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دیناری عێراقیە کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی و کڕینی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
* فرۆشتنی تەندەر لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەو ئاگاداریەیە دەست پێدەکات.
* دواکات بۆ گەراندنەوەی تەندەرەکان ماوەی ١٥ ڕۆژ دوای بلاوکردنەوەی ئەو ئاگاداریەیە دەبێت تا کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆ مەرجەکانی بەشداریکردن:
١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.
٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.
٣- دانانی بارمتەی سەرەتایی بەبڕی ٣,٩٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن و نۆسەد هەزار دینار بەچەکی باوەڕ پێکراو و یاخود (خطاب الضمان)
٤- ماوەی پرۆژە ١٠٠ سەد ڕۆژی تقویمیە.
٥- ئەو بەڵێندەر و کۆمپانیایانەی لەدەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنێت لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانیەوە)
٦- بەڵگەنامەی کاری هاوشێوە پێشکەش بکات.
٧- دەبێت کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بەبواری ئامێری پزیشکی
٨- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
٩- گەراندنەوەی تەندەر لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناو مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کە مگر یە کە .
زانکۆی هەولێری پزیشکی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی
شالاو صباح مجید

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هە و لێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٨/١٢/٢٦
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای شەهیا) لە بەرواری ٢٠١٨/١٢/٢٤ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداوە لە (ڕێگای خەبات) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێک دوای بلاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆماەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- دروستکردنی جبس ئێکسترۆدەر بێ ژمارە مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠. هۆپەر و بەرینە.
٢- میکسەری گرتنەوەی تام بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
٣- کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٤- فرنی برژاندن و سۆرکردنەوەی جبس بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٥- سێ دانە تێکردنی جبس تعبئة k٠٠٨ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٠٢٥.K/ ٢٠١٤ سێیەم بێ ژمارە.

***

سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران
بەشی مولکایەتی
ژمارە : ٣٤٦٢
ڕێکەوت : ٢٠١٨/١٢/٢٦
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەن کارتی شارەوانی دیانا بە ژمارە ((٢١١)) لە بلۆکی ((٩)) لە گەڕەکی بانە دەکەیەن کە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ئاگاداریە تاکوو ماوەی ((٣٠ سی ڕۆژ)) هەر کەسێک تێبینی لەسەر ئەم پسولەیە هەیە سەردانی شارەوانییان بکات بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست .
تێبینی: تەواوی پارەی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی داواکار
ئەندازیار/ أمير فاخر جادر
سەرۆکی شارەوانی سۆران

***

سەرۆکایەتی دادگای تیهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری کەسێتی / ٢
ژمارە : ٣٥٣٥ / ش /٢٠١٨
بەروار : ٢٤ / ١٢ / ٢٠١٨
ئاگاداری
داواکار : دانی رضا
داوالەسەرکراو : تارا ستار سعید
داواکار (دانی رضا) داوایەکی بە ژمارە (٣٥٣٥ / ش /٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وەلەم داوایەدا هاتووە کە : (داوا دەکات بە پەسەندکردنی طلاقی دەرەکی) ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژنامەوە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠١٩/٢/٢٧) سەعات (٩:٢٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبەن خۆتان یان بریکارێ نەنێرن تەوا دادگا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .
دادەر/ د. طه عمر رشید

***

سەرۆکایەتی دادگای تیهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای باری کەسێتی سیدصادق
ژمارە : ٢٧٦/ ش / ٢٠١٨
بەروار : ٢٦ / ١٢ / ٢٠١٨
ئاگاداری
بریار بۆ دراو : لاوین حسن حمه غریب
بریار لەسەردراو : نەبەز ناصح یاسین
بۆ بریار لەسەردراو (نەبەز ناصح یاسین) کە ئێستا نانوێشانت نادیارە وە داوالەسەرکراوبویت لە داوای ژمارە (٢٧٦/ ش / ٢٠١٨) ئاگادارت دەکەینەوە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕەسمی ڕۆژانەوە کەلە بەرواری (٢٠١٨/١٢/١١) دادگا بریاری دا بە (جیابوونەوە) بە بێ ئامادەبوونی خۆت، بۆ یە ئەگەر لە ماوەی یاساییدا تانە لە بریارەکە نە دەیت ئەواپلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا ..
دادەر / مهربان احمد حسن

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پکشنین
ژمارە: ٨٨٨٩
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٢٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنوردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Z.H.D) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی زێر/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/١٢/١٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هڤال احمد علی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Z.H.D) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی زێر/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری دهۆک)
پاکتاوکار/ هڤال احمد علی
ناونیشان/ دهۆک
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٧١٤٠٩

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پکشنین
ژمارە: ٨٨٩٠
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٢٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنوردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (K.D.K) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی خانووبەرە/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/١٢/١٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هڤال احمد علی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کە کۆمپانیای (K.D.K) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی خانووبەرە/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری دهۆک)
پاکتاوکار/ هڤال احمد علی
ناونیشان/ دهۆک
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٧١٤٠٩

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ئاهێستا) بۆ وەبەرهێنان و بازرگانی گشتی هێنان و بردن/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری دهۆک)
پاکتاوکار/ هڤال احمد علی
ناونیشان/ دهۆک
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٧١٤٠٩

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/۱
ژمارە: ٥١٩٨/ش/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٢٣
ئاگانامە
داواکار/ ژینۆ کریم عبدالله ناونیشان/ سلێمانی
داوالەسەرکراو/ محمد اراء توفیق ناونیشان/ نادیارە
داواکار (ژینۆ کریم عبدالله) داوایەکی بەژمارە ٥١٩٨/ش/٢٠١٨ لەم دادگایە تۆماکردووە لەسەرت وە لەم داوایەدا هاتووە بە (پەسندکردنی تەلاق) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانەوە وە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لەرۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەروارى ٢٠١٩/٢/١١ کات ژمێر ١٠:٠٠ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بڕیکارتان ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم
د. سردار علی عزیز
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٣٣٥/ج/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٨/١١/٢٦
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سەرکەوت علی عمر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٣١) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ اکرم عباس حمه
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ١٧٦٠/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٨/١١/٢٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: دیدار عمر فارس
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ اکرم عباس حمه
***
دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە: ٣٤٢٨/ب/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٢٦
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (نوزاد عباس قادر)
داواکار (صبریة صالح محمدامین) داوای ژمارە (٣٤٢٨/ب/٢٠١٨)ی لەم دادگایە تۆمارکردبوو لەسەر داوالێکراو (نوزاد عباس قادر) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نادیارە بە پێی اشعاری موختاری گەرەکی (چوارچرا) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ریگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی (٢٠١٩/١/٢٢) کات (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ قباد شیرزاد نوری
***
دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ٢٤٠٩/ب/٢٠١٨
رێکەوت:٢٠١٨/١٢/٢٧
داواکار: فرهاد عبدالله حسن
داوالێکراو: احمد عبدالله حسن و ها و بە شە کا نی
شوێنی مولک: هەولێر - گەرەکی کاریزان- نزیک مزگەوتی تقوی
ژمارەی مولک: (٩/١٣٠٧) کەرتی ٩٤ باداوە
پێکهاتووەکان: مولکەکە پێک هاتووە لەزەوییەکی بەتال هیچ دروستکراوی لەسەر نییە
رووبەر: ٢٠٠ م٢
نیشتەجێ:
نرخی خەملاندن: ٥٤٠٠٠٠٠٠ پەنجا چوار ملیۆن دینار
